# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| **پوختەیەکی جێبەجێکاری** | ٤ |
| **ڕاسپاردەکان** | ٦ |
| **پێشەکی** | ٧ |
| **دەرفەتەکان** | ٨ |
| سیستەمی خوێندنی باڵا | ١٢ |
| جۆرەکانی دەرفەت | ٨ |
| ناسینەوەی دەرفەتەکان | ١٢ |
| **سوود و بەربەستەکان** | ١٩ |
| **سوودەکان** | ١٩ |
| بەربەستەکان و کەشی کارکردن | ٢٠ |
| مەرجەکانی بەشداریکردن | ٢٢ |
| فاکتەرە دامەزراوەییەکان | ٢٤ |
| **هاوبەشییەکی بەردەوام** | ٣٠ |
| دەستپێکردنی هاوبەشی | ٣١ |
| پلاندانانی درێژخایەن | ٣٢ |
| هەیکەل و پێکهاتەی هاوبەشی | ٣٢ |
| بەردەوامبوون و هەنگاوەکانی داهاتوو | ٣٢ |
| **سەرەنجام و ڕاسپاردەکان** | ٣٣ |
| **سەرچاوەکان** | ٣٣ |
| **پاشکۆکان** | ٣٧ |
| ١ وردەکارییەکانی پرۆژە | ٣٧ |
| ٢ پۆلینکردنی هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکان | ٣٨ |





# پوختەیەکی جێبەجێکاری

لەم راپۆرتەدا، ئێمە سروشت و ژمارەی هاوبەشی و هاوتاکارییە نێودەوڵەتییەکان لە عێراقدا لەبەرچاو دەگرین، هەل و ئەگەرەکانی هەماهەنگی و هاوکاری لە داهاتوودا دەستنیشان دەکەین، ئەو بەربەست و گرفتانە گەنگەشە دەکەین کە رەنگە تووشی زانکۆ بەریتانییەکان ببنەوە لە دەرەنجامی هەوڵەکانیان بۆ بەدیهێنانی ئەم هەل و ئەگەرانەدا و، هەروەها ئەو رەوش و مەرجانەش پێشنیار دەکەین کە دەشێ ببنە مایەی بەردەوامییەکی درێژخایەنتر لەم هاوبەشبوونە بەریتانی-عێراقییەدا. پاشکۆی ژمارە ١ پسپۆرییەکانی پرۆژەکە باس دەکات و هەروەها ئەو میتۆدانەش روون دەکاتەوە کە ئەم راپۆرتە پشتی پێیان بەستووە. لە کۆتاییدا ئەم راپۆرتەدا پاشکۆیەکی تەکنیکی هەیە (پاشکۆی ژمارە ٢) کە تایبەتە بە پۆلینکردنی هاوبەشی و هاوتاکارییە نێودەوڵەتییەکان.
سەرەکیترین ئەنجام کە پێی گەیشتووین ئەوەیە کە لە ئێستادا پشکداریی زانکۆ بەریتانییەکان لە عێراقدا سنووردارە لە رووی ئاست و چوارچێوەی چالاکییە راستەقینەکانی پشکداری، ئەوەش لە کاتێکدا کە زانکۆ بەریتانییەکان لە وڵاتانی دیکە ئامادەبوون و کاریگەرییەکی بینراو و گەورەیان هێناوەتە ئاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەم راستییانەشدا هەلی گرنگ و کارا هەن بۆ دامەزراوەکانی میرنشینی یەککگرتوو تا هاوبەشی و کارلێك بکەن لەگەڵ زانکۆکانی عێراق و هەروەها دەزگا و رێکخراوە نائەکادیمییەکانی ئەو وڵاتە لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵاو. هەلەکان ئەم جۆرە هاوبەشی و هاوتاکارییانە لەخۆ دەگرن:

- ئەنجامدان و پێشکەشکردنی پەروەردە و فێرکردنی گوازراوە "Transitional Education "TNE
- ئەنجامدانی توێژینەوە و بڵاوکراوەی هاوبەش
- بنیاتنانی توانا دامەزراوەییەکان
- دابینکردنی راوێژ و پاڵپشتی بۆ کارگێڕیکردن و ئیدارەدانی کەرتی خوێندنی باڵای عێراقی
- هەوڵدان بۆ چالاککردنی رەوتی "قازانج" شانبەشانی پرۆسە ئەکادیمییەکانی فێرکردن و توێژینەوە (کە بریتین لە رەوتی یەکەم و دووەم).

ئێمە بەردەوامین لەسەر ئەوەی کە سوودەکانی هەماهەنگی و هاوکاریی دوولایەنە پێویستە بە گوێرەی بەربەست و مەترسییە پێشبینیکراوەکان هەڵبسەنگێنرێن: ئەگەر بە شێوەیەکی بنچینەیی باسی لێوە بکەین، دەتوانین بڵێین کە هەلەکان جێگەی ئومێدن و، سوودەکانی ئەم جۆرە هاوبەشییە ئەرزشی فراوانکردن و زیادکردنیان تێدایە و، هەروەها مەترسی و بەربەستەکانیش ئەرزشی ئەوەیان تێدا هەیە تا ئەو ئاستە کەم بکرێنەوە کەوا زانکۆ خاوەن شارەزایی و داهێنانکارەکان بتوانن کۆنترۆلیان بکەن. لەم چوارچێوەیەدا هەر دامەزراوەیەك بیەوێت لە عێراق کار بکات، پێویستە زامنی کارایی رێوشوێن و رێکارەکانی خۆی بکات، هەروەها ئەگەر بیەوێت لەو کارکردنەدا داهێنانکار بێت ئەوا پێویستە ئەگەری هاوتاکاری و پشکدارییەکی هەمەلایەنە لەبەر چاو بگرێت، پشکداری و هاوتاکارییەك کە فرەلایەنەیە نەك دوولایەنە، هەروەها پێویستە لەوەش تێبگات کە پەیوەندی لە نێوان هاوبەشان پەیوەندییەکی یەکسانی و هاوتابوونی لایەنەکانە نەك پەیوەندییەکی سەرۆکایەتی و ئاغایەتیکردن.
راسپاردەی سەرەکیمان بریتیە لەوەی کە پێویستە گرووپێك لە پەیوەندیداران پێکبهێنرێت کە نوێنەرانی فەرمانگە حکوومییە پەیوەندیدارەکان و گەورە بازرگانییەکان و زانکۆکانی عێراق و میرنشینی یەککگرتوو لەخۆ بگرێت، بەو مەرجەی کە ئەرکی سەرەکیی ئەو گرووپە داڕشتن و پەیڕەوکردنی چوارچێوەیەکی ستراتیژیی هاوبەشی پەرەپێدان بێت لە نێوان هەردوو وڵات. هەروەها راسپاردەی ئەوەشمان هەیە کەوا ئەنجوومەنی رۆشنبیریی بەریتانی کار بکات لەگەڵ دەستەڵاتە پەیوەندیدارەکانی عێراق و میرنشینی یەککگرتوو بۆ زامنکردنی بوجە بۆ ئەم هاوبەشیکردنە. ئەم پێشنیارانەی کارکردن لەلایەن ئەنجوومەنی رۆشنبیریی بەریتانییەوە بە چەند راسپاردەیەکی زانکۆکانەوە پوخت و تۆکمەتر کراون. ئەم کۆمەڵە راسپاردانە بە شێوەیەك داڕێژراون کە هانی زانکۆکان بدەن تاکوو بە شێوازگەلێکی وا رەفتار بکەن کەوا هاندەر بێت بۆ هەردوولا و هەروەها رەچاوی ئەوە بکەن کە ئایا پەیرەو و رێساکانیان بۆ کارگێڕیکردنی کوالیتی لە بواری هاوبەشی و هاوتاکارییەکاندا گونجاون یان نا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان لە وڵاتێکی وەکوو عێراق کە پێداویستی و بەربەست و دەستکەوتە پێشبینیکراوەکانی بەم شێوەیە بن.



# راسپاردەکان

١. لەسەر ئەنجوومەنی رۆشنبیریی بەریتانی پێویستە کە:

أ. گرووپێك لە پشکداران پێك بهێنێت کە نوێنەری بەرژەوەندییە زانستی و بازرگانی و سیاسییەکانی هەریەکە لە عێراق و میرنشینی یەکگرتوو بێت.
ب. پاڵپشتیکردنی گرووپی پشکداران لە بواری دارشتن (یان راسپاردنی) چوارچێوەی ستراتیژیی هاوبەش CSF بۆ دانان و پەرەپێدانی هاوبەشیی عێراقی-بەریتانی.
ج. کارکردن لەگەڵ گرووپی پشکداران بۆ زامنکردنی بوجەی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی دارشتن و پەرەپێدانی هاوبەشیی نێوان زانکۆکانی میرنشینی یەکگرتوو و عێراق، شانبەشانی ئەو هاوبەشییە لە نێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و دەزگا نا ئەکادیمییەکان.

٢. ئەنجوومەنی رۆشنبیریی بەریتانی پێویستە پاڵپشتیی گرووپی پشکداران و زانکۆکانی بەریتانیا و عێراق بکات لە رێگەی:

أ. پاراستنی تۆماری ئەو زانکۆ بەریتانییانەی کە لە عێراقدا چالاکن
ب. کارکردن لەگەڵ زانکۆ بەریتانی و عێراقییەکان بۆ دانانی تۆری دەرچووان
ج. رەفتارکردن بە سیفەتی پێدەری روونکردنەوە و زانیارییەکان بۆ زانکۆ و دامەزراوەکانی دیکە کە خولیای دامەزراندنی پەیوەندیی عێراقی-بەریتانییان هەیە.

٢. ٣. هەر زانکۆیەك کە یەك هاوبەشی یان زیاتری هەیە (یاخود بە نیازە دەست پێبکات) لەگەڵ دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵا لە عێراق، رەنگە بیەوێت کە:

أ. راوێژ لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا بکات و بێتە عێراق بۆ کارکردن لەگەڵ دەرچووانی زانکۆکان سەبارەت بە دەستپێکردن یان پەرەپێدانی هاوبەشی لەکەڵ زانکرکانی ئەو وڵاتە.
ب. دیراسەتی مەترسی و سوودەکانی هەلی پشکدارییەکی تەواو بکات لەگەڵ زانکۆ و رێکخراو و دامەزراوەکانی دیکەی عێراق.
ج. ت. چاو بخشێنێتەوە و دڵنیا بێت لەوەی کە بەدواداچوونە سەرەتایی و داهاتووییەکانی ئاوێنە و رەنگدانەوەی ئەدا و پراکتیزەی باشن لە کەرتی خوێندنی باڵادا.
د. زانیاری و وردەکارییەکان بۆ ئەنجوومەنی رۆشنبیریی بەریتانی دابین بکەن سەبارەت بە هاوبەشییە هەنووکەیی یان پێشبینیکراوەکانیان.
ە. بە شێوەیەکی ئەرێنی و باش وەڵامی داواکارییەکانی زانکۆکان بداتەوە بۆ راوێژپێدان و پاڵپشتیکردن و چۆنیەتیی کارلێککردنیان لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوەکانی دیکە،

# پێشەکی

"من بە ئومێد و هیواوە دەڕوانمە عێراقێکی نوێ کە بۆ کاری بازرگانی کراوەیە و، لە ئامادەباشیدایە بۆ بەرنگاربوونەوەی کێشمەکێشی داهاتوو سەبارەت بە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، شەقامەکان، پردەکان، نەخۆشخانەکان و هەروەها ژێرخانەکانی خزمەتگوزاریی گشتی. عیراقێکی گەشەسەندوو و سەرکەوتوو دەبێتە کۆڵەکەیەك بۆ گەشەسەندن و سەقامگیری لە تەواوی ناوچەکەدا ".

**١.** مێزۆپۆتامیا، ناوچەی نیوان روباری دیجلە و فورات، زۆر جار بە کانگای مرۆڤایەتی دەناسرێت و، لە سالانی ١٩٧٠کاندا زانکۆکانی عیراق بە باشترین زانکۆکانی رۆژهەلاتی ناوەراست دەناسران. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سالی ١٩٨٠وە عیراق بە دەست کەنارگیرخستن و جەنگ و هەڕەشەکانی توندڕەوییەوە دەناڵێنێت. وەکو بەشێك لە ئابڵووقەی ساڵانی نەوەدەکان، زانکۆکانی عێراق لە کۆمەڵگای ئەکادیمیی نێودەولەتییەوە بە دوور خرانەوە و لە پێداویستی و سەرچاوەکان بێبەش کران، وە لە سالی ٢٠٠٣ و لە دوای داگیرکاریی هێزی هاوپەیمانان بە رابەرایەتیی ویلایەتە یەککگرتووەکان، بینایە و کتێبخانە و تاقیگەکانی زانکۆکان خاپوور کران .

**٢.** کەرتی خوێندنی باڵا لە عێراق دەستی بە پرۆسەیەکی نوێکاری و بووژاندنەوە کرد هاوکات لەگەڵ دروستبوونی حکوومەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە لە سالی ٢٠٠٤ و شوێنگرەوە بەردەوامەکەی کە ساڵی دواتر پێکهێنرا. چالاکییە سەرەکییەکانی پرۆسەی بووژاندنەوە بریتی بوون لە کۆبونەوەی رێکخراوی یونسکۆ لە سالی ٢٠٠٥ و، پاشان رێککەوتنی ستراتیژیی عێراق لەگەل ئەمریکا لەسالی ٢٠٠٨ ، پرۆژەی تواناسازی قوتابیان لە سالی ٢٠٠٩ لەسەر دەستی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق خرایەروو کە دەرفەت بە قوتابیان درا کە درێژە بە خوێندنی ئەکادیمی بدەن لە زانکۆکانی دەرەوەی ولات ، ئەمەش سەرباری بڵاوکردنەوەی رێنماییە نیشتمانییەکانی خوێندنی باڵا بۆ ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠ و فراوانکردنی خوێندنی باڵا لە رێگەی دامەزراندنی زانکۆ و کۆلێژی نوێ. پشکی بەریتانیا لەو پرۆسەیەدا پێکهاتبوو لە بەشداربوون لە پرۆگرامی بنیاتنانی تواناکان لە خوێندنی باڵا DelPHE (سەیری پاراگرافی ١٥ بکەن لە خوارەوە).

**٣.** هەرەس و زیانەکان لە سالی ٢٠١٤ و بەدواوە و لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە خاکی عێراق بۆ داعش، مانای ئەوە بوو کە زۆرێك لەو پرۆژانەی کە لە لایەن DelPHE پارەدار کرابوون فەشەلیان هێنا لەوەی هیچ بەرهەمێکیان هەبێت. ئەم تراژیدیایە لە هەموو ئەو ناوچانەی روبەروی ئالۆزییەکە بوون، رویدا، لایەنی کەم ١٠ زانکۆ خاپور کران و خوێندکارانێکی زۆر کوژران و سوکایەتیان پێکرا و ئەشکەنجە دران، کتێب و توێژینەوەکان سوتێندران و پێداویستیەکان تێکشکێندران. ئەو ئاستەنگ و گرفتانەش بە هۆی قەیرانی دارایی عێراق قووڵتر بوونەوە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و، ئەمەش کاریگەریی خراپی هەبوو لەسەر بڕە بودجەی بەردەست بۆ نۆژەنکردنەوەی سیستمی خوێندنی باڵا. کەواتە رەوشی پەروەردە بریتی بووە لە بەرزبوونەوەی نەخوێندەواری، نەوەیەکی تەواو لادەر و نامۆ دەرچووە و، زانکۆکان سەرچاوە پێویستەکانی فێربوونیان تێدا نییە و، کەموکوڕییەکی زۆر هەیە لە ژمارەی مامۆستاکانی زانکۆ بە لێهاتوویی بەرز .

**٤.** لە دوای شکستی داعش لە ٢٠١٧ ئێستا رەوشەکە بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بووە. بە گوێرەی لێدوانی یەکێك لە چاودێرەکان "رەوشی ئاسایش لە عێراق بە هەموو پێوەیەك لە ٢٠٠٣ باشترە و، لە رووی ئابووریشەوە خەریکە بە هێزتر دەبێتەوە". هەروەها وەزارەتی بازرگانیی دەرەوەی میرنشینی یەککگرتووە عێراقی بەوە وەسف کردووە کە "کراوەیە بە رووی بازرگانیدا" و هەروەها بەوەی

---

**١.** حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق ٢٠١٤-٢٠١٨، ئەم وتەیە وەرگیراوە لە هەواڵی "کوێت ١ ملیار دۆلار بە قەرز دەداتە عێراق و ١ ملیاری دیکەش وەبەر دەهێنێت"، رووداو ٢٠١٨/٢/١٤ - http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=٣٥٩٦٣٠

**٢.** بەرپرسی یونسکۆ لە عێراق رەوشی خوێندنی باڵای لە عێراق وا وەسف کرد کە "یەکێکە لەو کەرتانەی کە زۆرترین وێرانکاری بەر ژێرخانەکەی کەوتووە لە ٢٠٠٣، نزیکەی ٦١ بینای زانکۆ و کۆلێژەکان بە هۆی شەڕ کاول بوون و، ١٠١ بینایەی کۆلێژیش تاڵان کران، ئەو وێرانکارییەش بەشی زۆری لە تاقیگە و هۆڵەکانی کارکردن و کتێبخانەکانی ئەو بینایانە روویدا". (http://www.unesco.org/new/en/iraq-office/education/higher-education/)

که "وڵاتێکە کە بڕێکی زۆر لە دەرفەتی بازرگانیی گەورەی هەن چونکە بەردەوامە لە بنیاتنانەوەی ژێرخان و دامەزراوە سەرەکییەکانی" . لە کاتێکدا کە لەم دوو سەرچاوەیەدا ئاماژەیەکی ئەوتۆ نییە بۆ دەرفەتەکانی بواری زانکۆکان، بەڵام لە چەندین شوێنی دیکەدا باس لە کەرتی خوێندنی باڵا دەکرێت وەکوو "بڕبڕەی بووژاندنەوە"، چونکە دەتوانێت "کۆمەڵەیەکی یەکجار فراوان و جیاواز لە پرۆسەکانی نۆژەنکردنەوە و بووژاندنەوە بە یەکەوە ببەستێتەوە و هەروەها بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر رابەرایەتیی قۆناغی دوای ناکۆکییەکان بکات"، هەروەها بریتیە لە "ستوونێکی گرنگ بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگای دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان زانکۆکان و کەرتی تایبەت"، بۆیە بە رەچاوکردنی "ئەو حەزەی کە لەلایەنی عێراقییەوە هەیە بۆ زیاترکردنی هاوبەشکارییە نێودەوڵەتییەکان"، دەرفەتەکان بۆ بەشداریکردن لەم پرۆسە نیشتمانییەدا بۆ زانکۆ دەرەکییەکان زیاتر دەبن، بە تایبەتیش بۆ ئەو زانکۆیانەی کە لە میرنشینی یەکگرتوون

# دەرفەتەکان

"عێراق وڵاتی هیوا و سەرسامییەکانە. مێژووێکی ئیلهامبەخشی هەیە و، هەروەها سەرباری ئاستەنگ و زەحمەتییەکان دەکرێ داهاتوویەکی پرشنگداریش مسۆگەر بکات. بۆیە شتێکی راست و گونجاوە کە گەورە زانکۆکانی جیهان دەستی دۆستایەتیی بۆ درێژ بکەن".

## سیستمی خوێندنی باڵا

٥. عێراق سیستمێکی گەورە و فراوانی خوێندنی باڵای هەیە. لە سەرانسەری وڵاتدا ١٣٦ زانکۆ هەن، لەوانەش حەوت زانکۆی تەکنیکی و ٢ زانکۆی ئیسلامی. زۆرینەی زانکۆکانی عێراق لە ئیستادا مولکی تایبەتن و ئەم کەرتەش لە ماوەی پازدە ساڵی رابردوودا گەشەی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. شانبەشانی زانکۆکان، لە عێراق ژمارەیەکی زۆری پەیمانگا تەکنیکییەکان هەن کە بڕوانامەی دبلۆم دەبەخشن.

## جۆرەکانی دەرفەت:

٦. لە کاتێکدا کە ئەم راپۆرتە تایبەتە بە دەرفەتەکانی بنیاتنانی هاوبەشکاری لە نێوان زانکۆ بەریتانی و عێراقییەکان، بەڵام ئێمە سنوورەکەمان فراوانتر کردووە بۆ بیرکردنەوە لە هەل و ئەگەرەکانی هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان دامەزراوەکانی هەردوو وڵات لەگەڵ دامەزراوە بازرگانی و نائەکادیمییەکانی دیکە. خشتەی ژمارە ١ ئەو سێ رێگایانە روون دەکاتەوە کە دەکرێ هاوبەشکارییەکان لە رێگەیانەوە رۆل و کاریگەرییان هەبێت لە بووژاندنەوە و زیندووکردنەوەی خوێندنی باڵای عێراقی و، هەروەها بە شێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری بە بنیاتنانەوەی وڵاتدا بکەن. لە هەریەك لە حاڵەتەکاندا چەندین گۆڕاو هەن بە گوێرەی ئەو حەوت شێوازەی هاوبەشکاری کە دەکرێ ئەنجام بدرێن.

---

٣. /http://www.unesco.org/new/en/iraq-office/education/higher-education

٤. https://photos.state.gov/libraries/iraq/٢١٦٦٥١/US-IRAQ/us-iraq-sfa-en.pdf.، هەروەها سەیری (أ. ابو زید)- بەغدا چاوەڕوانی ترەمپە سەبارەت بە رێککەوتننامەی ستراتیژی – مۆنیتەر، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠١٦.

٥. لە وێبسایتی لیژنەی باڵای پەرەپێدانی پەروەردەدا هاتووە کە ئامانج لە بەرنامەی تواناسازی بریتی بوو لە ناردنی ١٠,٠٠٠ قوتابی بۆ دەرەوەی وڵات لە ماوەی ٥ ساڵدا بۆ ئەوەی لە گشت بوارەکانی توێژینەوەدا بخوێنن لە باشترین زانکۆکانی جیهاندا //:http www.hcediraq.org/HCED_english_website/aboutus.html

- **جۆری ١: ڕەوتی سێیەم:**

ئەم شێوازە بریتیە لە هاوبەشی و کارلێك لەنێوان زانکۆکان و دامەزراوەکانی دیکەی کەرتی تایبەت و گشتی و تێکەڵو (سەیری خاڵی ٧ بکە لە خوارەوە).

- **جۆری ٢: بنیاتنانی تواناکان لە خوێندنی باڵا:**

هاوبەشکارییەك لەسەر ئاستی کەرتی خوێندنی باڵا کاریگەریی دەبێت بۆ "هاوچەرخکردنی" سیستمی خوێندنی باڵای عێراقی، لە هەمان ئەو کاتەشدا هەماهەنگیکردن لەسەر ئاستی دامەزراوەییدا دەبێتە مایەی بنیاتنانی تواناکانی چەند زانکۆیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان بە باشتر ئەنجام بدەن (سەیری خاڵی ٨ بکە).

- **جۆری ٣: زانستی و ئەکادیمی:**

واتا هاوبەشکاری لە نێوان زانکۆ عێراقی و بیانییەکان بۆ رەخساندنی دەرفەت بۆ قوتابیان تاکوو کارامەییە ئەکادیمییەکان بەدەست بێنن و، یانیش توێژینەوەی زانستی پەرە پێ بدەن و بەشداری لە نووسین و بڵاوکراوەکاندا بکەن (خاڵەکانی ٨-٩).

لە خشتەی ١ چەند نموونەیەکی ئەم شێوازانەی هاوبەشکاری روون کراونەتەوە لەگەڵ ئاماژەگەلێکی تایبەت بەو کاریگەرییانەی کە دەکرێت ئەم هاوبەشکارییانە هەیانبێت لەسەر بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی بەردەوام بۆ عێراق و هەروەها لەسەر بووژاندنەوەی سیستمی خوێندنی باڵا لەو وڵاتە. کۆتا ستوون لە خشتەکە ژمارەی ئەو خاڵانەی ڕاپۆرتەکەی تێدا هاتووە کەوا تێیاندا هەریەکە لەو جۆرانەی هاوبەشکاری باس کراون.

**٧.** مانای چالاکییەکانی رەوتی سێیەم بریتیە لە "گشتاندن و بەکارهێنان و پەرەوکردن و بڵاوکردنەوەی زانست و توانا زانکۆییەکان لە دەرەوەی شوێن و کەشە ئەکادیمییەکاندا"، لەم پێناسەیەدا دەستەواژەیەکی کارەکی هەیە کە بریتیە لە " لە دەرەوەی شوێن و کەشە ئەکادیمییەکاندا"، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کەوا هەرچەندە زانکۆ ناوخۆییەکانیش لەم پرۆسەیەدا بن و سوودمەند بن، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوبەشکارییەکانی رەوتی سێیەم (جۆری ٣) لە هەموو کاتێکدا لەگەڵ کار و بازرگانی و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی یان تێکەڵو ئاوێتە دەکرێت. هاوبەشکارییەکانی لەم جۆرە دەتوانن بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری لە بنیاتنانەوەی وڵاتدا بکەن و، ئەو بەربەستانە دەستنیشان بکەن کەوا رووبەرووی عێراق دەبنەوە. ئەم بەربەستانەش (ئاو-خۆراك-وزە) دەگرنەوە کە بریتین لە سێ کۆڵەکەی پەرەپێدانی بەردەوام، شانبەشانی هەریەکە لە کەموکورییەکانی بواری کارامەییەکان و بواری بێکاری و چاودێریی تەندروستی ئاسایش و بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی ژێرخانە ماددیەکانی عێراق و پێویستییەکانی هەمەجۆرکردنی ئابووری و چاکسازیکردن لە خزمەتگوزارییە دارایی و پیشەییەکانی وڵات.

---

**٦.** م. سعدون، بۆچی ڕێژەی نەخوێندەواری لە عێراق بەرز بووەتەوە؟، مۆنیتەر، ٩ کانوونی یەکەم ٢٠١٨، گرووپی قەیرانەکانی نێودەوڵەتی: وتارێك بە ناونیشانی: Fight or Flight: the desperate plight of Iraq›s "Generation ٢٠٠٠"، راپۆرتی ژمارە ١٦٩، ئابی ٢٠١٦.

**٧.** ر. منصور، عێراق لە ٢٠١٩: ساڵێکی بنچینەیی بۆ گۆڕانکاری. شاتام هاوس ئاند ئای بی بی سی، ٢٠١٩، وەزارەتی بازرگانیی دەرەوە: ئەنجامدانی کاری بازرگانی لە عێراق، ئەیلوولی ٢٠١٥، هەروەها نووسینگەی کاروباری دەرەکی و کۆمۆنوێڵت: مەترسییەکانی بازرگانیی دەرەوە-عێراق، ئاداری ٢٠١٨.

خشتەی ژمارە ١: جۆری دەرفەتە هاوبەشکارییەکان

| | | نموونە | ئەرک و کارەکان | خاڵی پەیوەندیدار (لەم ڕاپۆرتە) |
|---|---|---|---|---|
| جۆری ١: ڕەوتی سێیەم | کەرتی تایبەت | هاوبەشکاری لەگەڵ کۆمپانیایەکی عێراقی، یان لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کە لە عێراق کار بکات، بۆ دابینکردنی ڕاهێنان بۆ ستاف و توێژینەوە و پەرەپێدان و کارامەییە پیشەییەکان...هتد | بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە بنیاتنانەوەی وڵاتدا | ٧، ١٦(د) و (و)، ١٧، ١٨ (أ) و (ج)، ١٩، ٤٤، ٤٨، ٥٣-٤. |
| | کەرتی گشتی | هاوبەشکاری بۆ پێدانی ڕاوێژ بە وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی لە بوارگەلی دیکەی جگە لە خوێندنی باڵا. بۆ نموونە وەکوو پرۆژەگەلی بنیاتنانی تواناکان. | | |
| | کەرتی تێکەڵاو | هاوبەشکاری لەگەڵ کۆمەڵگە و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان بۆ کارکردن لەگەڵ ئاوارە و ڕاگوێزراوان، دابینکردنی پەکەکانی پەروەردە و فێرکردن و چاودێریی تەندروستی... هتد | | |
| جۆری ٢: بنیاتنانی تواناکان لە خوێندنی باڵا | کەرتی پیشەیی | هاوبەشکاری لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ پەرەپێدانی سیستم و ڕێکارەکانی تایبەت بە فەرمانڕانیکردن لەم کەرتە و دڵنیایی جۆریی دەرەکی، لەوانەش ڕێپێدان و چاودێریکردن و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی زانکۆکان | بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە هاوچەرخکردنی سیستمی خوێندنی باڵای عێراقی و بنیاتنانی توانای زانکۆکان بۆ ئەوەی ئەرکە جەوهەرییەکەیان ئەنجام بدەن، لە کاتێکیشدا کە خوێندنی باڵا بە "کۆڵەکەی بنیاتنانەوە" ناو دەبرێت، بۆیە ئەم هاوبەشکارییانە بەشداریی ناڕاستەوخۆ لە بنیاتنانەوەی وڵاتدا دەکەن. | ٨، ١٥، ١٦(د) و (هـ)، ١٨ (ب)، ١٩، ٢٧-٩، ٤٤، ٤٨-٩، ٥١، ٥٣-٤، ٥٦، ٩٢ |
| | ئاستی دامەزراوەیی | هاوبەشکاری لەگەڵ تاکە زانکۆکان بۆ پاڵپشتیکردنیان تا سەرچاوە مرۆیی و فێرکارییەکانیان بەرەو پێش ببەن و، چاکسازیکردن لە کارگێڕیی و دڵنیاییە جۆرییەکەیان و تواناکانیان لە بواری توێژینەوە و تواناپێدانی ستافی فێرکاران تاکوو کەمتر پشت بە شێوازی وانەوتنەوەی وتارئامێز بدەن و، زیاتر کار لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن بکەن | | |
| جۆری ٣: بواری زانستی | فێرکردن | هاوبەشکاری لەگەڵ زانکۆیەکی عێراقی بۆ ئەوەی پرۆگرامەکانی بە شێوەیەك لێبکات کە بیگەیەنێتە ئاستی دامەزراوەیەکی فێرکاریی بەریتانی، واتا "پەروەردەی گواستنەوە TNE" | ئەمانە چەند پشکدارییەکن کە ڕەنگە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی وڵات بن | ٩-١٠، ١٦ (ب) و (ج)، ١٨(ج)، ٢٣، ٣١ (ج) و (هـ)، ٤٦، ٤٩-٥٤، ٥٦ |
| | توێژینەوە | هاوبەشکاری بۆ توانابەخشین بە ستافی دامەزراوەی هاوبەش تاکوو بەشداری لە توێژینەوەی هاوبەشدا بکەن وەکوو هاونووسەری بڵاوکراوەکان. | | ٩-١١، ١٦(و)، ١٧، ١٨(ج)، ٢٨، ٤٨، ٥٣-٤، ٥٦ |

٨. هاوچەرخکردن" بریتیە لە چوارچێوەیەك کە بە چەندین پێداچوونەوە و تێبینیکردن و بەڵگەنامەی رەسمیدا تێپەڕ دەبێت و، گرنگی بە پێداویستییە کەرتییە پیشەییەکان و پێداویستییەکانی دامەزراوەیی دەدات. ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ زانکۆ دەرەکییەکان کە هاوبەشییەکانیان لەسەر ئاستێکی فراوان (جۆری ١) دەست پێبکەن. لەسەر ئاستی دامەزراوەییدا، دەرفەتەکان بریتین لە پاڵپشتیکردنی زانکۆ عێراقییەکان بۆ پەرەپێدانی ستاف و سەرچاوەکانی فێربوون و چاکسازیکردنی کارگێڕی و گەشەپێدانی ڕێکارەکانی دڵنیایی جۆری و هاندان و پاڵپشتیکردنی ستافەکانیان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کەمتر پشت بە شێوازی وانەوتنەوەی وتارئامێز ببەستن و زیاتر گرنگی بە گونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن بدەن. هاوبەشکارییەکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، لەگەڵ زانکۆکان و تەنانەت لەگەڵ خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیش، دەکرێ ببێتە مایەی دانانی ئەجێندای تایبەت بە نامەرکەزیکردن لە وڵات و پەیوەندییەکانی نێوان زانکۆکان و دەوڵەتیش دووبارە دابڕێژێتەوە. ئەم لایەنەی هاوچەرخکردن پێویستی بەوە دەبێت کە سەربەخۆییەکی زیاتر بە زانکۆکان بدرێت و لە هەمان کاتدا ئەوەش دڵنیا بکرێتەوە کە خۆیان بەرپرسیار دەبن لە کوالیتیی و ستانداردەکانی فێرکردن تێیاندا.

٩. جۆری سێیەمی دەرفەت بریتیە لە داڕشتنی هاوبەشکاریی زانستی و ئەکادیمی (جۆری ٣) بۆ چۆنیەتیی "هەناردەکردنی" پەروەردە و فێربوون و، پەروەردەی گوازراوە TNE و هەروەها پاڵپشتیکردنی چالاکییەکانی توێژینەوە لەوانەش هاونووسەربوون لە بڵاوکراوەکاندا. هەروەك لە خشتەی پاشکۆی ٢ دەردەکەوێت، دەستەواژەی "هەناردەکردنی پەروەردە" بریتیە لە دەستنیشانکردنی عێراقییەکان بۆ ئەوەی لە دامەزراوەی میرنشینی یەکگرتوو بخوێنن. خوێندن لە دەرەوە پێشتر (و لە داهاتووشدا) لەلایەن حکوومەتی عێراقی یان حکوومەتەکانی دەرەوە پاڵپشتی کراوە و، هەندێك جاریش لەلایەن ئەو دامەزراوانەی کە خوێندنەکەیان تێدا ئەنجام دەدرێت. کاتێك زانکۆیەکی بەریتانی دانوستان دەکات سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی پەیوەندی وەکوو شێوازێك بۆ وەرگرتنی قوتابیانی عێراقی، ئەم جۆرە ڕێکارە دەچێتە ناو خانەی پەروەردەی گوازراوە TNE.

١٠. ئەنجوومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی دەستەواژەی پەروەردەی گوازراوە وا پێناسە دەکات کە "بریتیە لەو پەروەردەیەی لە لایەن وڵاتێکەوە دابین دەکرێت و لە وڵاتێکی دیکە پێشکەش دەکرێت". لە زۆرینەی هاوبەشکارییەکانی پەروەردەی گوازراوەدا زانکۆکیەك بەرپرسیارێتیی سەرەکی لەئەستۆ دەگرێت وەکوو "دامەزراوەی دابینکار": واتا بە تەواوی بەرپرسیارە لە کوالیتیی ئەو پرۆگرامەی کە لەلایەن هاوبەشەکەی دابین دەکرێت و، هەروەها لەو بڕوانامە و کارامەییەی کەوا قوتابییەکە لە دوای تەواوکردن بەدەستی دێنێت. هەر چۆنێکیش بێت، چاوەڕوانیی چەند شێوەیەکی دیاریکراو لە هاوبەشکارییەکانی پەروەردەی گوازراوە دەکرێت، هەروەك لە خشتەکەی پاشکۆی ٢ هاتووە. ئەو شێواز و دەخستانەش بۆ نموونە بریتین لە ڕێککەوتننامەی تێگەیشتنی پێشوەختە (یاحود ڕێککەوتننامەی "جکمەکردنی زانکۆکان") تا دەگاتە ئاستی پێدانی بریکارنامە و بەکارهێنانی پرۆگرامەکان و، هەروەها ڕێکارەکانی ڕێپێدان کەوا ماف دەداتە هاوبەشەکان تاکوو زۆرێك لە بەرپرسیارێتییەکانی یەکدی لە ئەستۆ بگرن، تەنانەت لە هەندێك باردا دەکرێ لقی کەمپی زانکۆیی و "زانکۆی نێودەوڵەتیی هاوبەش"یش لە نێوانیاندا بکرێنەوە. ئەوەی شێوازەکانی پەروەردەی گوازراوە لە یەکدی جیا دەکاتەوە بریتیە لە چۆنیەتیی دابەشکردنی دەستەڵات و بەرپرسیارێتییەکان لە نێوان دامەزراوەی دابینکار و ئەو هاوبەشەی کە پرۆگرامەکان دەداتە قوتابی. هاوکارییەکان بر باشترکردنی توێژینەوە و بڵاوکراوەکان سەبارەت بە ستاف، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو هاوبەشکارییانە بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەوە دادەمەزرێن کە خاڵەکانی هێزی هەردوو هاوبەش کۆ بکرێنەوە و یەکتری بەهێز بکەن، بەم هۆیەشەوە پەیوەندیی نێوانیان هاوسەنگی و یەکسانییەکی زیاتر بۆ هەردووکیان دابین دەکات.

١١. زۆر گرنگە جەخت لەسەر ئەو خاڵەش بکرێتەوە کەوا ئەم جۆرە هاوبەشکارییانە تەرخانکراو و تایبەت نین بە دوو لایەن. بۆ نموونە، هاوبەشکارییەکانی تایبەت بە مەبەستی پێدانی

پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ قوتابیان (جۆری ٣: زانستی و ئەکادیمی) زۆر جار وەکوو پاشکۆی چالاکییەکانی تایبەت بە جۆری ٢ دێن واتا بنیاتنانی تواکان و، بەم شێوەیە لە رێگەی پەرەپێدانی شارەزایی و ئەزموونی ستافی زانستییەوە هاوبەشکارییەکانی جۆری ٣ دەتوانن کاریگەرییەکی پەراوێزی -بەڵام گرنگ- دروست بکەن لەسەر بنیاتنانی تواناکان لەو دامەزراوانەی کە لێیان دادەمەزرێن. لە کۆتاییەکانی ئەم راپۆرتەدا ئێمە تاوتوێی سوودەکانی هاوبەشکارییە گشتگیر و هەمەلایەنەکان دەکەین بۆ لەئەستۆگرتن و ئەنجامدانی ئەو هاوبەشکاریانەی کەوا هەرسێ جۆری هاوکاری دەگرنەوە (سەیری خاڵەکانی ٥٤ و ٥٥ بکە).

# ناسینەوەی دەرفەتەکان:

**١٢.** ماوەیەکی کەم دوای داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ و لە دوای چەند دانوستان و وتووێژێك لە نێوان حکوومەتی کاتیی هاوپەیمانان لەگەڵ ئەنجوومەنی رۆشنبیریی بەریتانی، گرووپێك لە زانکۆکانی میرنشینی یەکگرتوو هەڵسان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی زانکۆکانی بەریتانیا بۆ عێراق (British Universities Iraq Consortium - BUIC). مەبەستی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوو لە یارمەتیدان و بەشداریکردن لە نۆژەنکردنەوە و بنیاتنانەوەی سیستمی خوێندنی باڵا لە عێراق. لەگەڵ دەستپێکردنی بەرنامەی تواناسازیی قوتابیان لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە لە ٢٠٠٩ (سەیری بەشی ٢ بکە لە سەرەوە)، BUIC لەگەڵ لێژنەی باڵای پەرەپێدانی پەروەردەیی کاری کرد بۆ "ئاسانکاریکردن بۆ هاتوچۆی قوتابیان و ستاف لە نێوان عێراق و میرنشینی یەکگرتوو تاکوو توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن و پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیا دروست بکەن.

**١٣.** نزیکەی ٩٦٪ لە کۆی ئەو ٢٦٤٠ قوتابیەی کە لە ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥ لەلایەن زانکۆکانی میرنشینی یەکگرتوو وەرگیران، بۆ بڕوانامەی بەرزتر تۆمار کران (سەیری خشتەی ٢ بکە). ئەمەش نیشاندەرێکە بۆ ئەوەی کەوا زۆرینەی ئەو دەرچووانە دواتر وەکوو ستافی زانستی لە زانکۆکانیان دامەزرانەوە دوای ئەوەی گەڕانەوە بۆ عێراق و، بەمەش ئەم نموونە دەستنیشانکراوەی جۆری ٣ "هەناردەکردنی پەروەردە" دەکرێ وەکوو پشکدارییەك لە جۆری ٢ "بنیاتنانی تواناکان" هەژمار بکرێت.

| | ٢٠١٤-١٥ | ٢٠١٥-١٦ | ٢٠١٦-١٧ | ٢٠١٧-١٨ |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) | ٢٨٥٢٥ | ٢٩٤٢٠ | ٢٩١٢٥ | ٢٩٦٧٠ |
| کۆی گشتی (عێراق) | ٢٦٤٠ | ٢٦٢٥ | ١٤٠٠ | ٧٨٠ |
| توێژینەوەکانی خوێندنی باڵا | ١٦٨٠ | ١٥٧٥ | ١٤٠٠ | ٧٨٠ |
| وەرگیراوانی خوێندنی باڵا | ٧٦٥ | ٥٢٥ | ٢٦٥ | ١٩٥ |

**خشتەی ٢: ئەو قوتابییە عێراقییانەی لە زانکۆکانی میرنشینی یەکگرتوو دەخوێنن**

**١٤.** لە ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥ ژمارەی ئەو قوتابییە عێراقییانەی لە زانکۆ بەریتانییەکان وەرگیران بە شێوەیەکی بەرچاو لەو ژمارەیە زیاتر بوو کە لە هەمان ساڵدا لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگیران. لەو کاتە بەدواوە و هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو بەخشانەی خوێندن کە حکوومەتی عێراقی دابینی دەکردن، ژمارەی قوتابییە عێراقییە وەرگیرانەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی بەریتانیا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەوە. سەربارى ئەو بەهێزییەی زانکۆ بەریتانییەکان لە بازاڕی خوێندن و پەروەردەی جیهانیدا (بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە)، بەڵام پێشەنگییەکەیان لە عێراق لەدەستدا چونکە عێراق زیاتر رووی کردە وڵاتانێك کە خۆیان بەخششیان دابین دەکرد بۆ قوتابیان یاخود بڕوانامەی بەرزتریان بە نرخێکی هەرزانتر دابین دەکرد و رێوشوێنەکانی ڤیزاشیان ئاسانتر بوو بە بەراورد لەگەڵ ڤیزای بەریتانی. بە هەمان شێوە گۆڕانکارییەکی بەرچاویش دروست بوو لە پێکهاتەی ئەو قوتابییە عێراقییانەی لە زانکۆکانی بەریتانیا بوون: رێژەی قوتابیانی بەکالۆریۆس و قوتابیانی تۆمارکراو بۆ پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا بەرز بووەوە لە ٨٪ لە ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥ بۆ ٤٢٪ لە ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨.

**١٥.** مەبەستی راگەیەنراوی پرۆگرامی DelPHE بریتی بوو لە بنیاتنانی تواناکان: وا پێشبینی دەکرا کە پارەدارکردنی ئەو پرۆژەیە وا لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە وڵاتە هاوبەشەکان دەکات کە "توانایەکی بەهێزتریان هەبێت... بۆ پشکداریکردنی لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە هەزارەی نوێدا" و هەروەها وەکوو "هاندەری کەمکردنەوەی هەژاری و پەرەپێدانی بەردەوام" کار بکەن. لە سەرەتادا پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بوو: لە ٢٠٠٩ تا ٢٠١١ دابینکردنی بڕی ٣ ملیۆن پاوەن بۆ پرۆگرامی DelPHE لە عێراق پشتگیریی لە ٣٥ پرۆژە کرد کە ٤٥ دامەزراوە تێیدا بەشدار بوون، لەوانەش ١٤ لە عێراق و ٢٦ لە میرنشینی یەکگرتوو بوون. ئەوانە بە زۆری پرۆژەی جۆری دووەم بوون کە تەرکیزیان لەسەر پەرەپێدانی دامەزراوەیی کردەوە (زیاتر لە تەرکیزکردن لەسەر پەرەپێدانی کەرت). بابەتە سەرەکییەکان بریتی بوون لە زانست و ئەندازیاری و تەکنۆلۆجیا (کە تێکرای ٤٥٪ بودجەکەیان بەرکەوت) و تەندروستی (٢٦٪ بودجە) و هەروەها بنیاتنانی تواناکان بۆ فێرکردن و فێربوون و توێژینەوە. پرۆگرامی DelPHE هەروەها پاڵپشت بوو بۆ چەند پرۆژەیەکی تایبەت بە پەرەپێدانی کارامەییکانی کارگێڕیکردن و سەرکردایەتی و پەرەپێدانی تواناکانی ستافی ئەکادیمی و ستافی یارمەتیدەر.

**١٦.** تاکوو داخستنی پرۆگرامەکە لە ٢٠١٢، یازدە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان زانکۆکانی عێراق و بەریتانیا واژوو کرابوون، بە شێوەیەك وای لە نووسینگەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی کرد باس لەوە بکات کە سەرکەوتنەکانی پرۆگرامی DelPHE "پەرەپێدانی کەلتوور و بەردەوامیی" لە خۆ گرتووە. بە هەر حاڵ، چەند هۆکارێك کە پەیوەندییان بە خودی پرۆگرامەکە و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنەکەی نەبوو، تەنها چەند دانەیەکی کەم لەو هاوبەشکارییانە رزگاریان بوو و، بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا هەبوون و کارایی زانکۆ بەریتانییەکان لە عێراق وەکوو سێبەرێك وایە بۆ کاراییەی لە ٢٠١٢ هەیانبوو. تا ئەو ئاستەی ئێمە بتوانین باسی بکەین، رەوشی ئێستا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**أ.** رەتکردنەوەی وەرگرتنی قوتابیانی عێراقی لە زانکر بەریتانییەکان بەرچاوە و تێبینی کراوە، لە هەمان کاتیشدا گۆڕانکاری لەم بواری چالاکییەدا رووی داوە لە تەرکیزکردن لەسەر جۆری ٢ "بنیاتنانی تواناکان" بەرەو جۆری ٣ "پەروەردەی هەناردەکراو". هەروەها ئەوەش تێبینی کراوە کەوا بەریتانیا پێشەنگییەکەی خۆی لەم بوارە لەدەست داوە بۆ بەرژەوەندیی چەند نەتەوەیەکی دیکەی رکابەر لەم بوارەدا.

**ب.** لە کاتی ئێستادا تەنها دوو زانکۆی بەریتانی هاوبەشکارییان لە بواری جۆری ٣ TNE هەیە لە عێراقدا. کارەکانیشیان بریتین لە شێوازی دەستەڵاتپێدان و بەیەکەوەبەستانەوە و دابینکردنی خۆراك بۆ کەمتر لە ١٠٠ قوتابی. ئەوەش لەیاد نەکەین کەوا بەردەوامبوونی بەلایەتی کەم یەکێك لەو هاوبەشکارییانە جێگەی گومانە. لە هەردوو حاڵەتیشدا،

زانكۆكان تەنها تا ئەو ڕاددەیە لە كارەكانی جۆری ٢ "بنیاتنانی تواناكان" (بە شێوەیەكی سەرەكی لە بواری پەرەپێدانی ستاف) بەشدارن كە پاڵپشتییەك بێت بۆ پەروەردەی گوازراوە TNE.

**ج.** دامەزراندنی كەمپی زانكۆیی نێودەوڵەتیش بە هەمان شێوە نموونەیەكی دیكەیە بۆ چالاكییەكانی جۆری ٣. لە كاتی ئێستادا هیچ كەمپێكی زانكۆیی بەریتانی لە عێراقدا بوونی نییە، هەرچەندە پێشنیار هەیە بۆ دامەزراندنی زانكۆیەكی نوێ بە سپۆنسەری بەرژەوەندییە بازرگانییەكانی بەریتانی و عێراقی و بە پاڵپشتی زانكۆیەك یان زاتر لە بەریتانا. دوو زانكۆی ئەمریكی لە كوردستان هەن، یەكێكی دیكەش بۆ بەغدا پلانی بۆ دانراوە. هەروەها زانكۆ هاوبەشەكانی پارەداركراو لەلایەن ئەڵمانیا كە لە چەند شوێنێكی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن، ڕەنگە ببنە مۆدێلێك بۆ ئەوەی هەمان شت لە عێراقیش بكرێتەوە.

**د.** لە ڕابردوودا، دەستەی توێژینەوە و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی - ئایرێكس IREX پشتی بە بودجەی فیدراڵی و كۆمەكەكان بەستووە بۆ پەرەپێدانی هاوبەشكاری لە نێوان زانكۆ عێراقی و ئەمریكییەكان. وا دەردەكەوێت كە ئەو پرۆژانەی لە لایەن ئایرێكسەوە پاڵپشتی دەكرێن لە عێراقدا تەركیزیان لەسەر بەدیهێنانی ڕەوتی سێیەم (جۆری ١) بۆ "بنیاتنانەوەی كۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق" و هەروەها بنیاتنانی تواناكان لەسەر ئاستی كەرت (جۆری ٢) بێت. یەكێكی دیكەی بەرچاوتر لە هاوبەشییەكان بریتیە لە ئیراسمۆسی یەكێتیی ئەورووپا و پرۆگرامی بنیاتنانی تواناكان لە خوێندنی باڵا CBHE. ئامانجی پرۆژەكانی CBHE بریتیە هاوچەرخكردن و چاكسازیكردنی دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا و داڕشتنی پرۆگرامی خوێندنی نوێ و باشتركردنی كارگێڕیكردن و بنیاتنانی پەیوەندی لە نێوان دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا و كۆمپانیا بازرگانییەكان. لە بنەڕەتدا، CBHE بریتیە لە سەرچاوەی پارەداركردن بۆ جۆر٢ واتا بنیاتنانی تواناكان لەسەر هەردوو ئاستی دامەزراوە و كەرت و، هەروەها بۆ باشتركردن بەشداری و هەماهەنگی لە جۆری ١ لە نێوان خوێندنی باڵا و بەشێكی فراوانتری دامەزراوە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان. لەوەتەی ساڵی ٢٠١٥ تاكوو ئێستا حەوت پرۆژەی CBHE لە عێراق بوونیان هەبووە كە ٢١ دامەزراوەی خوێندنی باڵا و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەشدارییان تێدا كردووە. بودجەی هەریەكێك لەم پرۆژانە بە كەمێك كەمتر لە ١ ملیۆن پاوەن تەرخان كراوە.

**ه.** نەتوانراوە هیچ نموونەیەكی بەرچاو و كارای هاوبەشكاریی زانكۆكانی بەریتانیا لە جۆری ٢ "بنیاتنانی تواناكان لە ئاستی كەرت" دەستنیشان بكرێت لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یان لەگەڵ هەر دامەزراوەیەكی دیكەی نیشتمانی. سەبارەت بە بابەتی "هاوچەرخكردنی" ڕێكارەكانی وەزارەت بۆ ڕێپێدان و كارگێڕیكردنی زانكۆكان، چەند بەڵگەیەك هەن كە گرنگیپێدانێكی ئەمریكی و ئەڵمانی هەیە بۆ هەریەكە لە داببینكردنی ڕێكارەكانی ڕێپێدان بۆ زانكۆ عێراقییەكان و، یانیش بۆ پاڵپشتیكردنی وەزارەت تاكوو ڕێكارە هەنووكەییەكانی خۆی بەرەو پێش ببات. لە ئەفغانستان، ئەم جۆرە پاڵپشتییە بریتی بوو لە پرۆگرامێكی هاوبەشی هەریەكە لە بانكی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی و ئاژانسی ویلایەتە یەكگرتووەكان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی USAID.

**و.** هەرچەندە كە ئەنجوومەنی بازرگانیی عێراقی-بەریتانی بایەخ بەم بوارە دەدات، بەڵام نەمانتوانیوە هیچ نموونەیەكی بەردەست دەستنیشان بكەین بۆ بەشدارییەكانی زانكۆ بەریتانییەكان لە بواری پەرەپێدان لە جۆری ١ بۆ ئەنجامدانی چالاكییەكانی تایبەت بە پەرەپێدانی ڕەوتی سێیەم. لە وێبسایتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی بەغدا چەند بەڵگەیەك دەبینرێن سەبارەت بە هەبوونی ڕاهێنان و شیاندن و هاوبەشی لە بواری توێژینەوەكاندا لە نێوان كۆمپانیا عێراقی و بیانییەكان و، هەروەها بە لایەنی كەمەوە یەك كەمپانیای فرەڕەگەز هەیە كە ئەكادیمیای ڕاهێنان و شیاندنی تایبەت بە خۆی هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند هاوبەشێكی ئەهلیی نازانكۆیی.

**.١٧** ئەو وێنەیەی لە خاڵی سەرەوە پیشان دراوە پێویستە لە سێ لایەنەوە پاراو بکرێتەوە: یەکەم، جەختی سەرەکیی باسەکە تەنها لەسەر زانکۆ ئەمریکی و بەریتانی و ئەورووپاییەکانە و، باسی لە هەبوونی زانکۆکانی ئەو وڵاتانە نەکردووە کەوا بە رکابەری تەقلیدیی بەریتانیا هەژمار ناکرێن لەو بوارەوە (بۆ نموونە وەکوو چین، رووسیا، هیندستان، تورکیا و ئێران). دووەم: چەند چیرۆکی سەرکەوتنی بەرچاوی پشتگوێ خستوون، یەکێك لە چیرۆکە بەرچاوەکان بریتیە لەو چەندین پرۆژە کەلتوورییەی کەوا لە لایەن وەزارەتی دیجیتاڵ و کەلتوور و راگەیاندن و وەرزشەوە پاڵپشتی کراون لە رێگەی سندووقی پاراستنی کەلتووری، هەروەها ئەنجامدانی کاری تۆڕی نەهرێن (کە دەکرێت بە هەریەکە لە پرۆژەی جۆری ٢ – رەوتی سێیەم و هەروەها جۆری ٣- هاوبەشکاری لە توێژینەوە هەژمار بکرێت لەگەڵ ئەندین زانکۆ و دەزگای تایبەتمەند بە کەلتوور لە هەریەکە لە عێراق و بەریتانیا)، لەگەڵ چەندین کاری درێژخایەن لە بواری پەروەردەی پزیشکی (کە بە شێوەیەکی چڕوپڕتر لە خاڵی ٥٤ باس کراوە). خاڵی سێیەم و کۆتاییش بریتیە لەوەی کە چەندین کاری دیار و بەرچاو هەن کە لەلایەن پسپۆر و ئەکادیمیکە عێراقی و بەریتانییەکان بە شێوەی سەربەخۆ ئەنجام دراون لە دەرەوەی چوارچێوەی هەماهەنگیی و هاوبەشکاریی فەرمی، بۆ نموونە وەکوو توێژینەوەی هاوبەش و بڵاوکراوەی هاوبەش و، هەروەها بەشداریکردنی هەمەجۆر لە قوتابخانەکان و رێکخراوە خێرخوازییەکان و ئەو پاڵپشتییانەش کە لەلایەن چەندین کەسەوە پێشکەش کراون بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی رێپێدان و بڕوانامەپێدانی نیشتمانی لە کۆلێژ و سکووڵە پزیشکییەکاندا.

**.١٨** لە کاتێکدا کە زانکۆ بیانییەکان رەنگە لە داهاتوودا کاراتر بن لە عێراق، بەڵام ئەو وڵاتە هێشتا هەر بە "خاکی دەرفەتەکان" دەمێنێتەوە سەبارەت بە دامەزراوە بەریتانییەکان. لە راستیشدا، سیستمی خوێندنی باڵای بەریتانی لە عێراق و لە جیهانیشدا سومعە و ناوبانگێکی وای هەیە کە وا لە زانکۆکان بکات هیواخواز بن بۆ ئەوەی یەك یان زیاتری ئەو دەرفەتانەیان لەگەڵدا بەدەست بێنن کە لە پەرەگرافەکانی ٦-١١ باس کراون.

**أ.** دەرفەتی هاوبەشکارییەکانی رەوتی سێیەم (جۆری ١) بە هەند وەرگیراون هەرچەندە ئەگەری بەهێزیان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوت و داهاتی گەورە بۆ ئەو دامەزراوە و رێکخراوانەی گرنگییان پێ دەدەن. یەکێك لە نموونەکانی ئەم جۆرە رەنگە بریتی بێت لە بەشداریکردنی زانکۆیەکی بەریتانی لە هاوبەشکارییەك لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی کە لە عێراقدا کار بکات، ئامانجی ئەم هاوکارییەش بریتی دەبێت لە دابینکردنی راهێنان و شیاندن لە ناو خودی کۆمپانیاکە بۆ کارمەندانی ناوخۆیی. ئامانجەکە لەم کارە هەرچییەك بێت (بۆ نموونە ئەگەر خودی راهێنان بێت لە ناو کۆمپانیا و یانیش توێژینەوەی جێبەجێکاری بێت)، ئەوا ئەو هاوبەشییە دەکرێ بەهێزتر بکرێت و بەها و گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێت ئەگەر زانکۆیەکی عێراقی بهێنرێتە ناو ئەو هاوبەشکارییەوە. نموونەکانی دیکەی دەرفەتەکانی جۆری ١ دەکرێ شێوەی جۆراوجۆری بەشداریکردنی کۆمەڵگەیی لەخۆ بگرن، یانیش هاوبەشکاریی تایبەت بە پەرەپێدانی ژێرخانەکان، هەماهەنگی لەگەڵ خاوەنکاران بۆ دابینکردنی هەلی کارامەیی بەرزتر یان پەیوەندیدار بە بڕوانامەکە، هەروەها پەرەپێدانی سەنتەرەکانی دەستپێشخەری و توێژینەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ پیشەسازییەکان و زانکۆ ناوخۆییەکان.

**ب.** هاوبەشکارییەکانی جۆری ٢ – بنیاتنانی تواناکان دەکرێ لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و کەرت ئەنجام بدرێن (سەیری خاڵی ٨ و خاڵی ١٦ پ-ج بکە). پێویستییەکی بەردەوام هەیە بۆ چاکسازی لە کەرتەکەدا، هەر هاوبەشکارییەکیش کە هانی کارنامەی نامەرکەزیکردن بدات، هەروەها بەهێزکردنی رێکارە عێراقییەکان بۆ کارگێڕیکردنی ئەم کەرتە و دڵنیایی جۆریی دەرەکی، پەیوەست دەبن بەو دانوستانانەی لەسەر ئاستی وەزارەت ئەنجام دەدرێن. ئەگەری زۆر هەیە کەوا بنیاتنانی تواناکان لەسەر ئاستی کەرتەکە، لە سایەی حەز و بەرژەوەندیی بەهێزی زانکۆکان لە رووی پەرەپێدانی سومعە و پێگەکانیان لە سیستمی ریزبەندی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەیڕەو دەکرێت، ببێتە

هاندەرێك بۆ زیادکردنی خواست لەسەر پاڵپشتیکردن لە پەرەپێدانی سیستمی دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی. بە هەمان شێوە چەندین دەرفەتی دیکەش دێنە ئاراوە لە ئەنجامی بەشە فراوانەکانی بنیاتنانی تواناکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، بۆ نموونە هاوچەرخکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و شێوازەکانی فێرکردن و پەرەپێدانی راهێنانەکانی زمانی ئینگلیزی.

ج. هەرچەندە میرنشینی یەکگرتوو ناوبانگێکی جیهانیی هەیە لە دابینکردنی پەروەردەی گوازراوە TNE و وەرگرتنی قوتابیە دەرەکییەکان، بەڵام پێشبینییەکان بۆ هاوبەشکارییە ئەکادیمییەکانی جۆری ٣ (سەیری خاڵەکانی ٩-١٣ و ١٦ / أ-ت بکە) رەنگە ئاڵۆزتر و تێکەڵوتر بن. هاوکارانمان لە عێراق حەز و ویستی بەهێزی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەرەوپێشبردنی شێوازەکانی ئالوگۆڕکردنی قوتابیان و ئەندامانی ستاف. بەڵام ئەمانەش لە هەمان کاتدا دەکرێ بینە بەربەست و زاڵبوون بەسەریاندا زەحمەت بێت. وا پێدەچێ خولیای ئەنجامدانی هاوبەشکاری لە بواری پەروەردەی گوازراوە، بۆ نموونە وەکوو دامەزراندنی لقی کەمپە زانکۆییەکان، خولیایەکی سنووردار بێت و، هەروەك چۆن لە بەشە دواترەکانی ئەم راپۆرتە روون کراوەتەوە، بەهای ئەو هاوبەشکارییانە پەیوەست دەبێت بەوە کە تا چەند پێداویستییە درێژخایەنەکانی وڵات و زانکۆکان پڕ بکەنەوە. لە کۆتاییشدا، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کەوا دەکرێ سوودێکی هاوبەشی بەرچاو دەست بکەوێت لە هاوبەشکاری لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان بۆ پەرەپێدانی یەکە و دامەزراوەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش و بەرهەمهێنانی بڵاوکراوەی هاوبەش (سەیری خاڵی ١٧ بکە لە سەرەوە). هاوبەشکارییەکان لە بواری توێژینەوە دەکرێ فراوانتر بکرێن بۆ ئەوەی لایەنی بازرگانی و دامەزراوە و رێکخراوی دیکەش لە عێراق بگرێتەوە، ئەوەش بۆ ئاوێتەکردن و تێکهەڵکێشانی جۆری ٣ (ئەکادیمی و زانستی) لەگەڵ چالاکییەکان جۆری ١ (رەوتی سێیەم). ئەگەری فراوانکردنی چوارچێوەی هاوبەشکارییەکان تا چەند بوارێکی بەرفراوانتری چالاکییەکان بگرنەوە، بە شێوەیەکی چڕوپڕتر لە خاڵی ٥٣ باس کراوە.

١٩. زانکۆ بەریتانییەکان لە پێگەیەکی بەهێزدان بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتانە بناسنەوە. سەبارەت بە چالاکییەکانی رەوتی سێیەم (هەروەها سەبارەت بە ئەگەری پەرەپێدانی هاوبەشکارییەکانی جۆری ١)، لەم دواییانەدا خوێندنی باڵای میرنشینی یەکگرتوو ٣/١ی ئەو ٥٠ سیستمەی خۆی تەرخان کرد بۆ بواری "پەیوەندییەکان" (ئەمەش پێوەرێکە بۆ بەشدارییە نێودەوڵەتییەکان و بواری بازرگانی بە زانست و ئالوگۆڕی زانستیدا). پەرەپێدانی هاوبەشکارییەکانی بنیاتنانی تواناکان -جۆری ٢- ئاسانکارییەکی باشی لە بەردەمدایە بە هۆی ئەوەی کە میرنشینی یەکگرتوو یەکێك بوو لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەی ئەورووپی بۆ دڵنیایی جۆری ENQA. هەروەها یەکێکی دیکەش لەو سەرچاوانەی کە ئەو زانکۆیانە دەتوانن پشتیان پێ ببەستن لە بواری پەرەپێدانی هاوبەشکارییەکانی جۆری ٢ بریتیە لەو راستییەی کە کەوا شێوازی بەریتانی لە بوارەکانی کارگێڕی و حوکمڕانیی کەرتەکەدا و هەروەها لە بواری دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی و دەرەکی و شێوازی داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن و شێوازەکانی فێرکردن، شانبەشانی سیستمی ئەمریکی مۆدێلی سەرەکی و پێشەنگە لە رووی پەرەپێدانی خوێندنی باڵا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە سەر ئاستی جیهانیشدا. لە کۆتاییشدا، ئەو ناوبانگ و سومعەیەی کە خوێندنی باڵای بەریتانی لەسەر ئاستی جیهان هەیەتی دەکرێ ببێتە بەڵگە و هاندەرێك بۆ هەر زانکۆیەك کە دەیەوێ لە رووی هاوبەشکاریی ئەکادیمیی جۆری ٣ بەرەوپێش بچێت.

٢٠. چەندین سوود و دەرفەتی دیکەش هەن کە زانکۆ بەریتانییەکان دەکرێ پەرەیان پێ بدەن. لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییانەدا، وەزیری خوێندنی باڵای حکوومەتی عێراقی جەختی لەسەر گرنگیی دەسپێکردنی دیالۆگ کردەوە لەگەڵ ئەکادیمیستە عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات، بە تایبەت ئەوانەی کە لە میرنشینی یەکگرتوون. ئەو گوتی کە "لە سایەی پێویستیی زۆر بۆ بنیاتنانەوە و بەرەوپێشبردنی عێراق، وەزارەت خولیای ئەوەی هەیە کە پرۆسەیەکی

پەیوەندیکردنی هەبێت بۆ دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی بابەتە کێشەدارەکانی بواری ئەکادیمی لە عێراقدا و، لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییە عێراقییەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کار لەسەر دانانی چارەسەر بکات". ئەم لێدوانەی وەزیر رەنگدانەوەی ئەو بایەخپێدانە زۆرەیە کە لە عێراقدا بۆ خوێندنی باڵای میرنشینی یەککگرتوو هەیە، هەروەها نیشاندەری ئەو گرنگیپێدانەیە کە وەزیر و هاوکارەکانی بۆ ئەو پەیوەندییەی دادەنێن کە لە نێوان هەردوو وڵات دروست کراوە.

"ئەم 'پردە مرۆییە' نەك هەر پەیوەندیی بە عێراقییەکانی تاراوگە هەیە، کە زۆربەیان پۆستی باڵایان لە زانکۆ بەریتانییەکان هەیە، بەڵکوو پەیوەندیی بەو ژمارە زۆرەی ئەکادیمیستە عێراقییەکان و کارمەندانی حکوومی و سیاسەتمەدارە باڵادەستەکانیشەوە هەیە کە خودی خۆیان لە میرنشینی یەککگرتوو خوێندوویانە".

**٢١.** گرێیەندێکی هاوسۆزی و لێکتێگەیشتن لە نێوان زانکۆ بەریتانی و عێراقییەکاندا، بە تایبەت ئەگەر لە ئاستێکی باڵادا بێت و لە چوارچێوەیەکی فەرمیی حکوومەتی عێراقیدا ئەنجام بدرێت، دەبێتە پێکهاتەیەکی بنچینەیی گرنگ بۆ دروستکردنی ئەم پردە مرۆییە. پێکهاتەیەکی دیکەی گرنگ بریتیە لەو ژمارە زۆرەی ئەکادیمیستە گەنجەکان کەوا، دوای ئەوەی خوێندنیان لە بریتانیا تەواو کردووە، گەڕاونەتەوە عێراق. زۆرێك لەوانە پێیان راگەیاندووین کە خۆیان و هاوڕێکانیشیان حەز بەوە دەکەن کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو زانکۆیان ببەستنەوە کە خوێندنیان تێدا تەواو کردووە بەمەبەستی دەستخستنی هەل بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکانیان لەگەڵ هاوکارانیان لە بەریتانیا. هەروەها پێشنیاری ئەوەش کراوە کەوا دەرچووانی زانکۆ بەریتانییەکان وەکوو کاراکتەری گۆڕانکاری کار بکەن لە رێگەی ناساندنی شێوازە نوێیەکانی فێرکردن و داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن. بە شێوەیەکی گشتگیرتر، عێراقییە پەناهەندەکانی تاراوگە کە لە بەریتانیا ماونەتەوە، لەگەڵ ئەو دەرچووانەی بەریتانیا کە گەڕاونەتەوە عێراق و لەوێدا کار دەکەن، دەتوانن رۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبێت لە دەستنیشانکردنی دەرفەتەکانی هاوبەشکاری و ئەنجامدانی دانوستان لە بارەیانەوە، هەروەها لە دابینکردنی پاڵپشتییەکی درێژخایەن کەوا ببێتە زامنی پرۆژە هاوبەشەکان.



# سوود و بەربەستەکان

«عێراق وڵاتێکی پڕ تەحەددا و مەترسییە، بەڵام بازاڕێکی گەرم و پڕداهاتە بۆ ئەوەی کار و بازرگانیی تێدا بکرێت».

**سوودەکان:**

**٢٢.** لە کاتێکدا کە عێراق دەکرێت "بازاڕێکی گەرم و پڕداهات بێت"، دەستنیشانکردنی ئەو داهاتانە رەنگە کارێکی زەحمەت بێت، چونکە سووجە چاوەڕوانکراوەکان یان ئەو چاوەڕوانکارییانەی کە دەبنە هاندەر بۆ ئەنجامدانی هاوکاری و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەکان، لە رووی ئاست و جۆری هاوبەشەکانەوە هەمەجۆر دەبن. رووماڵێکی نوێ کە لەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی زانکۆکان IAU ئەنجام دراوە، دەڵێت کەوا بەنێودەوڵەتیکردن وا لەبەر چاو دەگیرێت کە نەك هەر تەنها دەبێتە مایەی باشترکردنی کوالیتیی پەروەردە و فێرکردن، بەڵکوو پشکداری و کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیش لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکات. هۆکاری ئەم کۆدەنگییەش شتێکی و بەڵگەنەویستە. بە شێوەیەکی گشتی، بەشداربووانی رووماڵەکەی IAU جەخت لەسەر بەها و گرنگیيە مرۆیی و زانستییەکانی هاوبەشکارییەکی لەم شێوەیە دەکەنەوە لە نێوان زانکۆ و ئەکادیمیستە عێراقی و بریتانییەکان دەکەنەوە، لە هەمان ئەو کاتەشدا ستافی بەرپرسانی باڵا دەتوانن ئەو چالاکییانە ئەنجام بدەن کە تایبەت بە بەرزکردنەوەی سومعە و ناوودەنگی ئەو زانکۆیانە.

**٢٣.** پاڵپشتی و خولیاکانی حکوومەت بۆ ئەم بابەتە رەهەند و هاندەرێکی دیکە زیاد دەکات. سەبارەت بە میرنشینی یەککگرتوو، چارەسەرکردنی تەحەددا جیهانییەکان لە رێگەی هاوکاری و پەرەپێدان و دەسنیپێشخەرییە پەروەردەییەکان بریتیە لە "بەرژەوەندییەکی نیشتمانی": چونکە سوودی هەناردەکردن بەردەست دەکات و، هۆکارێکە بۆ دروستکردنی "دەستەڵاتی نەرم Soft Power" و هەروەها دەبێتە مایەی بەرهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی لە ناو وڵاتدا. سەبارەت بە وڵاتی هاوبەشیش، ئەوا پاڵنەر و هۆکارەکانی داواکردنی ئەم جۆرە سیاسەتەکانە بریتین لە پڕکردنەوەی خواستەکان (بۆ نموونە بەکارهێنانی پەروەردەی گوازراوە و شێوازەکانی دیکەی هاوبەشبوون و هەماهەنگی وەکوو هۆکارێك بۆ پڕکردنەوەی خواستە ناوخۆییەکان)، یانیش بۆ مەبەستی بنیاتنانی تواناکان و هەروەها سوودبینین لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ پیشاندان و خستنەڕووی توانا و سەرچاوەکانیان.  سەربارى ئەمانەش و هەروەها شانبەشانی نەهێشتنی جیاوازییەکان لە نێوان پاڵنەر و هۆکارە هاندەرەکانی حکوومەت و بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکان و ستاف، پابەندییەکی رەسەن و گرنگیش هەیە سەبارەت بە بیرۆکەی ئەوەی کەوا هاوبەشکاری بریتیە لە هۆکارێك بۆ پاڵپشتیکردنی بنیاتنانەوەی وڵاتێك کە دەیان ساڵ بەدەست گرفت و چەرمەسەرییەکانەوە ناڵاندوویەتی. هەروەك جێگری سەرۆکی یەکێك لە زانکۆکان باسی لێوە کرد "پاڵنەری ئێمە بۆ کارکردن و هاوبەشکاری لەگەڵ عێراق و شوێنە نائارامەکانی دیکە شتێکی سادە و روونە: ئەرك و پەیامەکەمان پێویستی بەوە هەیە، یان بە راشکاوی بیڵێم: خەڵکی عێراق شیاوی پاڵپشتیی ئێمەیە".

**٢٤.** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەگەرە بەهێزەی کەوا حکوومەت و دامەزراوە و تاکەکانی عێراق و بەریتانیا دەرفەتەکانی هاوبەشکاری دەزانن و دەیانناسنەوە بە چەندین هۆکاری جیاواز، سەقامگیربوون و بەردەوامبوونی هەر پرۆژەیەکی هاوبەش پەیوەستە بە تەوافوق و هاودەنگی و هەروەها شەفافیەت و روونیی لایەنەکان و پێشبینی و چاوەڕوانکارییەکانیان. لە هەر رێکخراوێکی بەشدار لە کارێکی هاوبەشدا، پاڵنەرەکانی بەڕێوەبەر و ستافی ئەو رێکخراوە دەکرێ روون بێت یانیش ئاڵۆز و شاراوە بێت، هەروەها رەنگە بەو هۆیەوە ئەوانە ستایش بکرێن و یانیش بە نەشیاو لە قەڵەم بدرێن. لە بەشی کۆتایی ئەم راپۆرتەدا ئەوە دەخەینە بەر باس کەوا کارایی و سەرکەوتن و سوودبەخشینی هەر هاوبەشکارییەك پەیوەستە بە هەبوونی متمانە و، ئەمەش پێویستی بە هەبوونی پاڵنەر و هاندەری روون و شەفاف هەیە. هەروەها پێشنیاری ئەوەش دەکەین کەوا یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی درێژخایەن و بەردەوامبوونی هاوبەشکارییەکان بریتیە لە هەستی بەرپرسیارێتیی گشت لایەنەکان بۆ ئەوەی سوودەکان بە هاوبەش ببینن و بە دیدێکی واقیعییانە مەترسییەکان هەڵبسەنگێنن.

## بەربەستەکان

«ڕەوشی سیاسی و ئابووری و ئەمنی بە شێوەیەکی گشتی لە عێراقدا ناسکە و لەنگە... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەرفەتە بازرگانییەکان دەرفەتی بەرچاون لە سایەی بەردەوامبوونی بنیاتنانەوەی ژێرخانەکان و دامەزراوە سەرەکییەکان. چەندین گرێبەستی گەورە لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکان واژوو کراون و واژوو دەکرێن، ئەمەش هاندەرێکی ستراتیژییە بۆ ئەنجامدانی کار و بازرگانی لە عێراق».

**٢٥.** هەڵسەنگاندنەکەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێڵت FCO دەنگدانەوەی ئاماژەیەکی سەرەتاییە سەبارەت بە عێراق بە وەسفکردنی ئەو وڵاتە بە "مەترسییەکی گەورە بەڵام بازاڕێکی گەرم و پڕداهات". زاراوەی "مەترسی" بە شێوەیەکی باش پێناسە کراوە بەوەی کە بریتیە لە "هەر مەترسییەك یان ئەگەری هەر کار و ڕەفتارێك کە کاریگەرییەکی زۆر بخاتە سەر توانای ڕێکخراوەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان". سەبارەت بە دامەزراوەیەکی ئەکادیمی کە بیەوێت هاوبەشکاری لەگەڵ زانکۆیەکی (یان ڕێکخراوێکی عێراقی) ئەنجام بدات، ئەوا بە گوێرەی بۆچوونەکەی FCO چەند مەترسییەك یان بەربەستێك هەن کە پەیوەندیدارن بە ڕەوش و کەشی کارگێڕی و بەگەڕخستن، ئەوانەش لە خاڵەکانی لە خوارەوە ٢٦-٣٠ باس کراون هەروەها دەکرێ مەرجەکانی بەشداریکردن و هاوبەشیکردنیش لە نێوان زانکۆکان و ڕێکخراوەکان لەو دوو وڵاتەدا بینە بەربەست (خاڵی ٣١). دواجاریش، چەند فاکتەرێك لەسەر ئاستی دامەزراوەییش (خاڵەکانی ٣٢-٣٣) کە دەکرێ بە هەمان شێوە " کاریگەرییەکی زۆر" بخەنە سەر توانای زانکۆیەك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. گفتوگۆکان لەم بەشەدا پەیوەستن بەوەی کە "زانکۆیەکی تەندروست و ستراتیژی" پێویستە توانای ئەوەی هەبێت مەترسییەکان کەم بکاتەوە و کۆنترۆڵیان بکات و بەسەریاندا زاڵ بێت لە هەر سێ ئاستەکەدا، هەروەها توانای ئەوەی هەبێت کە هەندێك لەو مەترسییانە بکاتە دەرفەت.

## کەشی کارکردن و بەگەڕخستن

**٢٦.** ئێمە پێش ئێستا باسی گۆڕانکارییەکانی ڕەوشی ئەمنیی عێراقمان کرد و ئەو کاریگەرییانەشمان باس کرد کە هەبیووە لەسەر سیستمی خوێندنی باڵا لەو وڵاتە و لەسەر بەشداریکردنەکانی زانکۆ بیانییەکان لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکاندا. پشتبەستنی ئابووریی عێراق بە فرۆشتنی نەوت دەرەنجامەکەی ئەوە بوو کە هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی وڵات و زانکۆکان و هەروەها پاراستنی هاوبەشکارییەکانی بواری خوێندنی باڵا تووشی پەککەوتنێکی گەورە بینەوە دوای ئەوەی نرخی نەوتی خاو لە ٢٠١٤ بە ڕێژەی ٥٦٪ و دواتریش بە ڕێژەی ٣٦٪ی دیکە لە شوباتی ٢٠١٦ دابەزی. ئێستا هەریەکە لە ڕەوشی ئەمنی و ئابووری باشبوونیان بەخۆیانەوە بینیوە، سەرباری ئەمەش هێشتا مەترسی ماون لەسەر ئەو کەسانەی گەشتی عێراق دەکەن و لەوێدا کار دەکەن. لە کاتێکیشدا ئەو مەترسییە ئەمنییانە بەردەوام دەبنە بەربەست بۆ هەوڵەکانی دەستپێکردن و پاراستنی هێڵەکانی پەیوەندیی پێویست بۆ کارگێڕیکردنی کارای هاوبەشکارییە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێ چەند ڕێوشوێنێکی گونجاو دابنرێن بۆ ئەوەی کارمەندانی ستاف بتوانن گەشتی عێراق بکەن و لەوێدا کار بکەن.

**٢٧.** ڕەوش و کەشی کارکردن هەروەها چەند بەربەست و تەحەددایەکی سیاسیش لە خۆ دەگرێت. بە گوێرەی خشتەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیی وڵاتان کە لەلایەن دەزگای شەفافیەتی نێودەوڵەتی بڵاو کراوەتەوە، عێراق لە پلەی ١٦٨ هاتووە لە کۆی ١٨٠ وڵات کە لە خشتەکەدا باس کراون. بە هەمان شێوە، پەیوەندیگرتن لە نێوان زانکۆکان و حکوومەتدا یەکێکە لە بەربەستەکانی دیکە کە دەکرێ کاریگەریی لەسەر هەر زانکۆکیەك هەبێت کە بیر لە دروستکردنی هاوبەشکاری دامەزراوەیەکی عێراقیدا ببەستێت. زانکۆکانی عێراق سەربەخۆییان نییە، هەروەك یەکێك لە بەشدارانی ڕاپرسییەکانمان گوتی "پەروەردە سەر بە حکوومەتە"، سەرباری ئەو گرفتانەی کە ئەم ناسەربەخۆییە دروستی دەکات بۆ

ویست و حەزی هەر زانکۆیەکی بەریتانی کە بیەوێت مافی خۆی بپارێزێت و خۆی بڕیار بدات لەسەر جۆری پرۆگرامەکانی خوێندن، لەلایەکی دیکەشەوە دەستاودەستکردن و گۆڕینی وەزیرەکان هەر چوار ساڵ جارێك (یان زووتر) بە واتای ئەوە دێت کە سیاسەتەکان دەگۆڕدرێن یان پێچەوانە دەبنەوە، بەم شێوەیەش زەحمەتە بۆ زانکۆکان و هاوبەشەکانیان کە بتوانن پلانی درێژخایەن دابڕێژن. ئەوەش کە مایەی پێکەنینە ئەوەیە کە، لە کاتێکدا کە سیستمی خوێندنی باڵا لە ژێر کۆنترۆڵێکی سیاسیی توند و چڕدایە، لە هەمان کاتدا کارگێڕیکردنی کەرتەکە و پرۆسەی دڵنیایی جۆریی دەرەکی لەو کەرتەدا پرۆسەیەکی دواکەوتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگە لە بەردەستدا هەیە کەوا ئەو بەربەستە سیاسییانە ئەگەری چارەسەربوونیان هەیە. لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠١٨، ئێستا بەرپرسانی حکوومەت بە "زمانی چاکسازی" دەدوێن. ئەمەش واتا پابەندبوون بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی گرفتە دامەزراوەییەکان.
هەروەها دان بەوەشدا نراوە کەوا پێویستە سەربەخۆییەکی زیاتر بە زانکۆکان بدرێت، هەروەها لەسەر ئاستی وەزارەتیشدا خولیا و حەزێکی بەهێز هەیە بۆ داڕشتنی رێکار و رێوشوێنی گونجاو بۆ رێنمایی و پێداچوونەوەی زانکۆکانی وڵات.

٢٨. رێکارەکانی ئێستای عێراق سەبارەت بە کارگێڕیکردنی ئەم کەرتە و رێوشوێنەکانی دڵنیایی جۆری نموونەیەکن بۆ ئەو بەربەستانەی کە دەکرێ بە دەرفەت لە قەڵەم بدرێن: دەرفەتی پاڵپشتیکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ داڕشتن و پەرەپێدانی سیستمی کاریگەر بۆ رێکخستنەوە و پێداچوونەوەی زانکۆکان. بە هەمان شێوە رەوش و کەشی کارکردنەکەش ئاماژەیە بۆ ئەو بەربەستە کەلتوورییانەی کە دەکرێ بە دەرفەت هەژمار بکرێن بۆ ئەو زانکۆ بەریتانییانەی کە دەیانەوێ ببنە بەشێك لە چارەسەر بۆ ئەو جۆرە کێشە و گرفتانە، بۆ نموونە بەربەستەکانی ئەم بوارە بریتین لە کەلتوورێکی پەروەردەیی کە بوارێکی زۆر کەم دەڕەخسێنێت بۆ بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و خوێندن و فێربوونی سەربەخۆ، هەندێك لە بەشداربووانی راپرسییەکانمان باسیان لەوە کردووە کەوا بەرپرسانی باڵای زانکۆکان لە عێراق نایانەوێ گۆڕانکاری بکرێت و، بە کەمبایەخییەوە سەیری توێژینەوەی جێبەجێکاری و ئاوێەکردنی زانکۆ و بازرگانییەکان و کەرتی گشتی و کەرتی تێکەڵاو دەکەن.
لە ژێرەوەی ئەو بەربەستە زانکۆییانەدا سیستمێکی فێرکردنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەیە کەوا ماوەیەکی زۆرە بە دەست کەم سەرچاوەییەوە دەناڵێنێت و لاوازییەکی بەرچاوی تێدایە لە رووی فێرکردنی زمانی ئینگلیزییەوە.

٢٩. سیستمی خوێندنی باڵا لە عێراق پێکهاتەیەکی تەنها و جیانەکراوە نییە: چەندین جیاوازی لە شوێنە جیاوازەکانی عێراقدا هەن (بەم شێوەیە بەربەست و دەرفەتەکانیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی وڵات دەگۆڕێن) هەروەها لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتیشدا ئەو جیاوازییە هەیە. زیادبوونێکی زۆر لە ژمارەی زانکۆ ئەهلییەکان دروست بووە و ژمارەیەك لە بەشدارانی راپرسییەکانمان باسیان لەوە کرد کە هەوڵدان بۆ قازانجی دارایی لە لایەن ئەو وزانکۆیانەوە لەسەر حیسابی کوالیتیی پەروەردەیە و، گەندەڵی گرفتێکی دیاری ئەو بەشەیە.
بەڵام چەند بەشداربوویەکی دیکە بۆچوونێکی دیکەیان هەبوو: ئەوان پێیان وابوو کەوا زانکۆ حکوومییەکان سەرچاوەی پێویستیان نییە، بەلایەنی کەمەوە بەشێك لە هۆکاری ئەمەش بۆ قەیرانی دارایی دەگەڕێتەوە (سەیری خاڵی ٢٦ بکە لە سەرەوە)، بەڵام دامەزراوە ئەهلییەکان هەوڵ دەدەن کە سەرچاوەی باشتر دابین بکەن.
ئەوان پێیان کە ئەم راستییە کاریگەریی هەبووە لەسەر پڕ ستافکردنی زانکۆ ئەهلییەکان: مووچە لە زانکۆ حکوومییەکاندا کەمترە بەڵام پیشەکە سەلامەتتر و پارێزراوترە، بۆیە زانکۆ ئەهلییەکان سوود لەوە دەبینن و کارمەندانی بەتواناتر بۆ خۆیان دەبەن. هەروەها باسیان لەوەش کە بەهۆی پشتنەبەستنیان بە بودجەی حکوومەتەوە، زانکۆ ئەهلییەکان سەربەخۆییەکی زیاتریان هەیە و کەمتر لەلایەن حکوومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، دامەزراوە ئەهلییەکانیش هەر دەچنە ژێر باڵی رێنماییەکان و، وەکوو هەوڵێکیش بۆ باشترکردنی کوالیتییەکان و رێکارەکانیان بۆ دڵنیایی جۆری، حکوومەت هانی ئەو زانکۆ ئەهلییانە دەدات تاکوو هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی دەرەکی بکەن.

٣٠. لە میانەی هەڵسەنگاندنی بانکی نێودەوڵەتی لە لیستی ئەو وڵاتانەی کە "بازرگانییان تێدا دەکرێت"، عێراق ڕێژەی ٤٤,٧٢ی بەدەست هێنا و لە ریزبەندیی ١٧١دایە لە کۆی ١٩٠ وڵات. لە کاتێکیشدا کە هیچ پێوەرێکی جیاواز لەو لیستەدا دانەنراوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام بەشداربووانی ڕاپرسیەکە باسیان لەوە کردووە کە لە هەرێمی کوردستاندا تەحەددای کەمتر هەن "شوێنێکی سەلامەتتر و سەقامگیرترە" لە ڕووی بازرگانییەوە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کەوا زانکۆ نێودەوڵەتییەکان زیاتر هەوڵی ئەوەیان داوە کە کارەکانیان لەو هەرێمە ئەنجام بدەن.

## مەرجەکانی بەشداریکردن:

٣١. ئێمە دەستەواژەی "مەرجەکانی بەشداریکردن"مان بەکار هێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو مەرجانەی کە پەیڕەو دەبن یان کاریگەرییان هەیە لەسەر مامەڵە و پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوە و ڕێکخراوەکان دوو دەوڵەتی جیاواز. لە حاڵەتی مامەڵەی نێوان زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی دیکەدا لە نێوان عێراق و بەریتانیا، مەرجەکان ئەمانەی خوارەوە و چەندانی دیکەش دەگرنەوە:

### أ. ستراتیژییەتە نیشتمانییەکان:

ناسەقامگیریی سیاسی (خاڵی ٢٧) و هەروەها تێکەڵبوون و هەمەجۆربوونی هاندەر و پاڵنەرەکان دەبنە مایەی دروستکردنی کەشێکی نائارام و لەنگ بۆ پەرەپێدانی هاوبەشکارییەکان. ئەو نارامی و لەنگییانەش دەکرێ کەم بکرێنەوە بە بەرهەمهێنانی ستراتیژییەتی نیشتمانیی پتەو و پشتپێبەستراو بۆ خوێندنی باڵا و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەکان.
چەند ستراتیژییەتێك لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەرهەم هێنراون و، حکوومەتی میرنشینی یەکگرتووش ستراتیژییەتەکەی خۆی بەم دواییانە نوێ کردەوە سەبارەت بە پەروەردەی نێودەوڵەتی.
ستراتیژییەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا چەند بەڵگەنامەیەکی بەسوود بوون و، پێشینە و بایەخەکانی وەزارەتیان ڕوون کردووەتەوە سەبارەت بە خوێندنی باڵا لە عێراق، هەروها جەختیش لەسەر گرنگییەکانی هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکان کردووەتەوە بۆ مەبەستی بووژاندنەوەی ئەو کەرتە.
لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك دەزانین کە ئەو ستراتیژییەتانە ١٠ ساڵ بەر لە ئێستا بڵاو کراونەتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کەوا لە ئێستادا بە بەڵگەنامەی دروست و ورد هەژمار ناکرێن. هەروەها هەرچەندە ستراتیژییەتەکەی میرنشینی یەکگرتوو یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی حکوومەت بە بەنێودەوڵەتیکردن، بەڵام بەم شێوەیە دیاریکراو و ڕوون نییە لە بواری چۆنیەتیی دانوستانکردن لە نێوان زانکۆکان و دامەزراوەکانی حکوومەت لەو دوو وڵاتەدا.

### ب.سیاسەتەکانی ڤیزا و گەشتکردن:

زۆرێك لە بەشدارانی ڕاپرسییەکەمان ئاماژەیان داوە بە کاریگەرییەکانی سیاسەتی میرنشینی یەکگرتوو لە بواری کۆچ و گەشتکردن لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. تێچووی ڤیزای قوتابیان بۆ بەریتانیا زۆر زیاترە لە تێچووی ڤیزای شنگن و، هەروەها پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ڤیزا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. ئەمە هەستێك بە ستاف و قوتابیانی عێراقی دەدات بەوەی کە میوانی نەویستراون لە بەریتانیا، ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر کارایی ئاڵوگۆڕی ستاف و قوتابیان و ڕێکارەکانی دەستەڵاتپێدان و جمکەکردنی زانکۆکان.

### ج. ڕکابەری لە نرخ و تێچووەکان:

ڕکابەریی نرخ یەکێکی دیکەیە لەو فاکتەرانەی کەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر کەلك و سوودی گەشتکردنی ستاف و قوتابیان بۆ بەریتانیا، بەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر کارایی و سوودەکانی ئەم جۆرە هاوبەشکارییانەی خوێندنی باڵا دروست دەکات کە پێویستیان بە مانەوەی قوتابیانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە بەریتانیا بۆ خوێندن. تێچوەکانی گەشتکردن و شوێنی مانەوە وایان کردووە کە بەریتانیا وڵاتێکی گونجاو نەبێت بە بەراورد لەگەڵ هەندێك لە وڵاتە نزیکترەکان لە عێراق و، هەروەها کرێی خوێندن لە بەریتانیا زۆر لەوە زیاترە کە لە هەندێك لە زانکۆ ئەوروووپییەکانی دیکە وەردەگیرێت. بێجگە لەو زەمالانەی خوێندن کە لە سەرچاوە بەریتانییەکانەوە دەستەبەر دەکرێن (بۆ نموونە لە حاڵەتی پرۆگرامی Chevening کە لە ١٧ زەمالە لە ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ بەرز کرایەوە بۆ ٢٢ لە ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠)، بەریتانیا لە رووی "هەناردەکردنی پەروەردەوە" پاش کەوتووە بە هۆی ئەو وڵاتانەی (بۆ نموونە ئەڵمانیا) کە ژمارەیەکی زۆری زەمالەی خوێندن بە خۆڕایی بۆ قوتابیانی عێراقی دەستەبەر دەکەن.
ئەم هۆکارانە وایان کردووە کە خوێندن لە دەرەوە و جمکەکردن و دەستەڵاتپێدان بە زانکۆکان زۆر خەرجی بن. لەلایەکی دیکەشەوە، بەکارهێنانی شێوازی "کۆلێژی گوازراوە Flying Faculty" و پێدانی ئیمتیاز ڕەنگە بژاردەیەکی گونجاوتر و کەم خەرجیتر بن چونکە، سەبارەت بە قوتابیان، پەیوەندیکردن بەم جۆرە خوێندنە گوازراوەیە پێویستە بە گەشتکردنی زیادە و تێچووەکانی شوێنی مانەوە نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەری زۆر هەیە کە تێچووەکان بۆ زانکۆیەکی عێراقی (کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە سەر شانی قوتابیان) ببێتە مایەی تێچووێکی زیاتر لەوەی کە لە زانکۆ ئەهلییەکان و یانیش لە زانکۆ حکوومییەکانی ئێواران وەردەگیرێن.

### د. پارەدارکردن:

ئێمە تێبینیی ئەوەمان کردووە کە پرۆگرامەکانی هاوشێوەی DelPHE سەرکەوتوو بوونە لە پاڵپشتیکردنی گواستنەوە و هاتوچۆکردنی قوتابیان و لە پەرەپێدانێکی سەرەتایی لە هاوبەشکارییەکانی نێوان زانکۆ عێراقی و بیانییەکاندا. ئەم پرۆگرامانە گرنگن لەبەر سێ هۆکار: هەندێك لە پرۆژەکان بۆ مەبەستی دیکەی جیاواز لە بەدەستهێنانی داهات ئەنجام دەدرێن، لە زۆرێك لەو حاڵەتانەدا تەنها پێشبینیی واقیعییانە ئەنجام دەدرێت بۆ وەرگرتنەوە و بەدەستهێنانەوەی تێچووەکانی دەستپێکردنی ئەو پرۆژانە لە ماوەیەکی درێژخایەندا، هەروەها هۆکارێکی دیکەی بنچینەییش ئەوەیە پارەدارکردنی قۆناغە تەنها یەکەمینەکانی پرۆژە قەرەبووی هاوبەشان دەکاتەوە و دەیانپارێزێت لە مەترسییە داراییەکان بە هۆی ڕەوشیە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکان.

### ه. هاوبەشیکردنی زانیارییەکان:

لە بەشێکی دواتری ئەم ڕاپۆرتەدا باسێکی ئەوە دەکەین کە ئەدای باش و کاریگەر مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەو زانکۆیەی کە لە ڕەوشێکی پڕ بەربەستدا کار دەکات (یان دەیەوێت لە ڕەوشێکی وادا کار بکات). لە ڕەوشێکی پڕ بەربەست و تەحەددا ئەدای باش و کاریگەر پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان هەیە سەبارەت بە (یان، لە) زانکۆکانی دیکە کە لەو وڵاتە کار دەکەن. بەڵام بێجگە لە تۆماری تێکڕای چالاکییە دەرەکییەکان (کە لەلایەن ئاژانسی ئامارەکانی خوێندنی باڵای بەریتانیا پارێزراوە و تەنها چەند زانیارییەکی سنووردار سەبارەت بە هاوبەشکارییە زانکۆییەکانی بواری پەروەردەی گوازراوە دەستەبەر دەکات) هیچ سەرچاوەیەکی دیاریکراو بەردەست نیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە چالاکییەکانی زانکۆ بەریتانییەکان لە عێراق. بە بۆچوونی ئێمە ئەمە گرفت دروست دەکات لە بەردەم دەستپێکردن و پاراستنی هاوبەشکارییەکی درێژخایەن و سوودبەخش لە نێوان دامەزراوەکانی بەریتانیا و عێراق.

ئەم مەرجانەی بەشداریکردن کە لە سەرەوە باس کران و، هەروەها ئەو بەربەستانەش کە لە ناویاندا دەبینرێن، "راستیی چەسپاو" نین: هیچ نەیێت لە رووی مەبدەئییەوە دەکرێ چارەسەر بکرێن ئەگەر زانکۆکان بەیەکەوە کاریان لەسەر بکەن. ئەمەش دەکرێت لە شێوەی رێککەوتننامەی دامەزراوەکان بێت بۆ هاوبەشیکردنی زانیارییەکان لەگەڵ یەکدی یان لە رێگەی نوێنەرەکانیانەوە کاری هاوبەش ئەنجام بدەن بۆ دروستکردن لۆبییەك لە ناو حکوومەت و دەزگا نیشتمانییەکانی دیکە.
لە هەمان کاتدا، دەکرێ پێشبڕکێ و رکابەریی نێوان زانکۆ بەریتانییەکان (بە تایبەتیش زانکۆکانی ئینگلتەرا) وەکوو کۆتا مەرجی بەشداریکردن هەژمار بکرێت کە ببێتە هۆی سنووردارکردنی خولیا و ویستی هاوبەشیکردنی زانیارییەکان و گرتنەبەری شێوازێکی هاوکارانە بۆ کارکردن لە کەشێکی پڕ بەربەست و مەترسیدا.

## فاکتەرە دامەزراوەییەکان:

**٣٢.** دواهەمین کۆمەڵەی "بەربەستەکان" بریتیە لە تایبەتمەندییەکانی لایەنەکان سەبارەت بە هەماهەنگیکردن، بە تایبەتیش لەگەڵ ئەو شێوازەی کەوا دامەزراوە بەریتانییەکە هاوبەشکارییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی پێوە بەرێوە دەبات. ئەم تایبەتمەندییە دامەزراوەییانە پێویستە لە رێگەی راپرسی و بەدواداچوونی "ئەدای باش" هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت کە هەریەکە لە لایەنەکان بۆ لایەنەکەی دیکە ئەنجامی دەدات (خاڵەکانی ٣٦ و ٣٧). تایبەتمەندییەکان هەریەکە لە لێهاتووی و توانا و پابەندبوونی ئەو بەشە زانستی و کارگێڕییانە دەگرێتەوە کە بەرپرسیار دەبن لە دەستپێکردن و کارگێڕیکردنی هاوبەشکارییەکە. "لێهاتوویی" بریتیە لە شارەزایی و ئەزموون – کە ئایا ستافی پەیوەندیدار ئەزموونی پێویستیان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە، "توانا" بریتیە لەوەی کە ستافەکە تا چ رادەیەك سەرچاوە و کاتیان بۆ کارگێڕیکردنی هاوبەشکارییەکە هەیە، هەروەها هەڵسەنگاندنی "پابەندبوون"یش پەیوەندیدارە بە دڵنیابوون لە هەبوونی حەز و ویست لەلایەن ستافەکەوە بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییانەی هاوبەشکارییەکە، هەروەها بۆ دڵنیابوونەوە لە شەفافیەت و تەوافوقی هاندەر و پاڵنەرەکانی ستاف لەسەر ئاستی دامەزراوە و بەشەکانی هەرجوو لایەنی هاوبەشکارییەکە (خاڵەکانی ٢٢-٢٤ لە سەرەوە و هەروەها خاڵەکانی ١٢-١٥ لە پاشکۆی٢).

**٣٣.** "شێوازی" بەریتانی بۆ کارگێڕیکردنی هاوبەشکارییە نێودەوڵەتییەکان پێکهاتە و بوارێکی دیاریکراوی "لێهاتووییەکەیەتی". ژمارەیەك لە بەشداربووانی راپرسییەکانمان سەرنجیان بۆ ئاستی ئەو ترس و نیگەرانییە راکێشا کە زانکۆ بەریتانییەکان (هەروەها دابینکارانی دڵنیاییەکەیان) هەیانە بەرامبەر بە مەترسییەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی رازینەبوونیان بە گەشتکردنی ستافەکانیان بۆ عێراق. رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کەوا مەرجەکانیان بۆ ئەدای باش زێدەرۆیی تێدا کرابێت و بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست پشت بەو رێنماییانەی سەلامەتیی گەشتکردن ببەستێت کە لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێڵت دەردەچن. بە شێوەیەکی گشتگیرتر، رێکارەکانی کارگێڕیکردنی کوالیتی (هەروەها رێکارەکانی ئەدای باش) کەوا بە گوێرەی مەبەستەکان نین، دەبنە هۆکارێك بۆ هەرەسهێنانی هاوبەشکارییەکان، فاکتەرێکی دیکەی پەیوەندیداریش بۆ ئەم حاڵەتە بریتیە لە خواست و ویستی هەندێ لە زانکۆکان بۆ بەشداریکردن و هاوبەشیکردن لە چالاکییەکانی پەروەردەی گوازراوە بە شێوەیەك کە، هەروەك یەکێك لە نووسەرەکان وەسفی کردووە، "ناپێگەیشتووانە و کاردانەوەیی و هەڵپەرستانەیە". ئەم تەحەددایە و بەربەستەکانی دیکە لەم قوناغەی ئێستادا دەکەونە ناو چوارچێوەی کۆنترۆڵی خودی دامەزراوەکان.

**٣٤.** تاکوو داخستنی پرۆگرامەکە لە ٢٠١٢، یازدە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان زانکۆکانی عێراق و بەریتانیا واژوو کرابوون، بە شێوەیەك وای لە نووسینگەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی کرد باس لەوە بکات کە سەرکەوتنەکانی پرۆگرامی DelPHE "پەرەپێدانی کەلتوور و بەردەوامیی"

لە خۆ گرتووە. بە هەر حاڵ، چەند هۆکارێك کە پەیوەندییان بە خودی پرۆگرامەکە و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنەکەی نەبوو، تەنها چەند دانەیەکی کەم لەو هاوبەشکارییانە رزگاریان بوو و، بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا هەبوون و کارایی زانکۆ بەریتانییەکان لە عێراق وەکوو سێبەرێك وایە بۆ کاراییەی لە ٢٠١٢ هەبانبوو. تا ئەو ئاستەی ئێمە بتوانین باسی بکەین، رەوشی ئێستا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**أ.** رەتکردنەوەی وەرگرتنی قوتابیانی عێراقی لە زانکر بەریتانییەکان بەرچاوە و تێبینی کراوە، لە هەمان کاتیشدا گۆڕانکاری لەم بواری چالاکییەدا رووی داوە لە تەرکیزکردن لەسەر جۆری ٢ "بنیاتنانی تواناکان" بەرەو جۆری ٣ "پەروەردەی هەناردەکراو". هەروەها ئەوەش تێبینی کراوە کەوا بەریتانیا پێشەنگییەکەی خۆی لەم بوارە لەدەست داوە بۆ بەرژەوەندیی چەند نەتەوەیەکی دیکەی رکابەر لەم بوارەدا.

**ب.** لە کاتی ئێستادا تەنها دوو زانکۆی بەریتانی هاوبەشکارییان لە بواری جۆری ٣ TNE هەیە لە عێراقدا. کارەکانیشیان بریتین لە شێوازی دەستەڵاتپێدان و بەیەکەوەبەستانەوە و دابینکردنی خۆراك بۆ کەمتر لە ١٠٠ قوتابی، ئەوەش لەیاد نەکەین کەوا بەردەوامبوونی بەلایەنی کەم یەکێك لەو هاوبەشکارییانە جێگەی گومانە. لە هەردوو حاڵەتیشدا، زانکۆکان تەنها تا ئەو رادەیە لە کارەکانی جۆری ٢ "بنیاتنانی تواناکان" (بە شێوەیەکی سەرەکی لە بواری پەرەپێدانی ستاف) بەشدارن کە پاڵپشتییەك بێت بۆ پەروەردەی گوازراوە TNE.

**ج.** دامەزراندنی کەمپی زانکۆیی نێودەوڵەتیش بە هەمان شێوە نموونەیەکی دیکەیە بۆ چالاکییەکانی جۆری ٣. لە کاتی ئێستادا هیچ کەمپێکی زانکۆیی بەریتانی لە عێراقدا بوونی نییە، هەرچەندە پێشنیار هەیە بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی نوێ بە سپۆنسەری بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی بەریتانی و عێراقی و بە پاڵپشتی زانکۆیەك یان زاتر لە بەریتانا. دوو زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان هەن، یەکێکی دیکەش بۆ بەغدا پلانی بۆ دانراوە. هەروەها زانکۆ هاوبەشەکانی پارەدارکراو لەلایەن ئەڵمانیا کە لە چەند شوێنێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن، رەنگە ببنە مۆدێلێك بۆ ئەوەی هەمان شت لە عێراقیش بکرێتەوە.

**د.** لە رابردوودا، دەستەی توێژینەوە و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی - ئایرێکس IREX پشتی بە بودجەی فیدرالی و کۆمەکەکان بەستووە بۆ پەرەپێدانی هاوبەشکاری لە نێوان زانکۆ عێراقی و ئەمریکییەکان. وا دەردەکەوێت کە ئەو پرۆژانەی لە لایەن ئایرێکسەوە پاڵپشتی دەکرێن لە عێراقدا تەرکیزیان لەسەر بەدیهێنانی رەوتی سێیەم (جۆری ١) بۆ "بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق" و هەروەها بنیاتنانی تواناکان لەسەر ئاستی کەرت (جۆری ٢) بێت. یەکێکی دیکەی بەرچاوتر لە هاوبەشییەکان بریتیە لە ئیراسمۆسی یەکێتیی ئەورووپا و پرۆگرامی بنیاتنانی تواناکان لە خوێندنی باڵا CBHE. ئامانجی پرۆژەکانی CBHE بریتیە هاوچەرخکردن و چاکسازیکردنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و داڕشتنی پرۆگرامی خوێندنی نوێ و باشترکردنی کارگێڕیکردن و بنیاتنانی پەیوەندی لە نێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و کۆمپانیا بازرگانییەکان. لە بنەڕەتدا، CBHE بریتیە لە سەرچاوەی پارەدارکردن بۆ جۆر٢ واتا بنیاتنانی تواناکان لەسەر هەردوو ئاستی دامەزراوە و کەرت و، هەروەها بۆ باشترکردن بەشداری و هەماهەنگی لە جۆری ١ لە نێوان خوێندنی باڵا و بەشێکی فراوانتری دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. لەوەتەی ساڵی ٢٠١٥ تاکوو ئێستا حەوت پرۆژەی CBHE لە عێراق بوونیان هەبووە کە ٢١ دامەزراوەی خوێندنی باڵا و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەشدارییان تێدا کردووە. بودجەی هەریەکێك لەم پرۆژانە بە کەمێك کەمتر لە ١ ملیۆن پاوەن تەرخان کراوە.



**ه.** نەتوانراوە هیچ نموونەیەکی بەرچاو و کارای هاوبەشکاریی زانکۆکانی بەریتانیا لە جۆری ٢ "بنیاتنانی توانای لە ئاستی کەرت" دەستنیشان بکرێت لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یان لەگەڵ هەر دامەزراوەیەکی دیکەی نیشتمانی. سەبارەت بە بابەتی "هاوچەرخکردنی" رێکارەکانی وەزارەت بۆ رێپێدان و کارگێڕیکردنی زانکۆکان، چەند بەڵگەیەك هەن کە گرنگیپێدانێکی ئەمریکی و ئەڵمانی هەیە بۆ هەریەکە لە داڕێنکردنی رێکارەکانی رێپێدان بۆ زانکۆ عێراقییەکان و، یانیش بۆ پاڵپشتیکردنی وەزارەت تاکوو رێکارە هەنووکەییەکانی خۆی بەرەو پێش ببات. لە ئەفغانستان، ئەم جۆرە پاڵپشتییە بریتی بوو لە پرۆگرامێکی هاوبەشی هەریەکە لە بانکی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی رۆشنبیریی بەریتانی و ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی USAID.

**و.** هەرچەندە کە ئەنجوومەنی بازرگانیی عێراقی-بەریتانی بایەخ بەم بوارە دەدات، بەڵام نەمانتوانیوە هیچ نموونەیەکی بەردەست دەستنیشان بکەین بۆ بەشدارییەکانی زانکۆ بەریتانییەکان لە بواری پەرەپێدان لە جۆری ١ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی تایبەت بە پەرەپێدانی رەوتی سێیەم. لە وێبسایتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی بەغدا چەند بەڵگەیەك دەبینرێن سەبارەت بە هەبوونی راهێنان و شیاندن و هاوبەشی لە بواری توێژینەوەکاندا لە نێوان کۆمپانیا عێراقی و بیانییەکان و، هەروەها بە لایەنی کەمەوە یەك کەمپانیای فرەرەگەز هەیە کە ئەکادیمیای راهێنان و شیاندنی تایبەت بە خۆی هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند هاوبەشێکی ئەهلیی نازانکۆیی.

**٣٥.** ئەو وێنەیەی لە خاڵی سەرەوە پیشان دراوە پێویستە لە سێ لایەنەوە پاراو بکرێتەوە: یەکەم، جەختی سەرەکیی باسەکە تەنها لەسەر زانکۆ ئەمریکی و بەریتانی و ئەوروپاییەکانە و، باسی لە هەبوونی زانکۆکانی ئەو وڵاتانە نەکردووە کەوا بە رکابەری تەقلیدیی بەریتانیا هەژمار ناکرێن لەو بوارەوە (بۆ نموونە وەکوو چین، رووسیا، هیندستان، تورکیا و ئێران). دووەم: چەند چیرۆکی سەرکەوتنی بەرچاوی پشتگوێ خستوون، یەکێك لە چیرۆکە بەرچاوەکان بریتیە لەو چەندین پرۆژە کەلتوورییەی کەوا لە لایەن وەزارەتی دیجیتاڵ و کەلتوور و راگەیاندن و وەرزشەوە پاڵپشتی کراون لە رێگەی سندووقی پاراستنی کەلتووری، هەروەها ئەنجامدانی کاری تۆڕی نەهرێن (کە دەکرێت بە هەریەکە لە پرۆژەی جۆری ٢ – رەوتی سێیەم و هەروەها جۆری ٣- هاوبەشکاری لە توێژینەوە هەژمار بکرێت لەگەڵ ئەندین زانکۆ و دەزگای تایبەتمەند بە کەلتوور لە هەریەکە لە عێراق و بەریتانیا)، لەگەڵ چەندین کاری درێژخایەن لە بواری پەروەردەی پزیشکی (کە بە شێوەیەکی چڕوپڕتر لە خاڵی ٥٤ باس کراوە). خاڵی سێیەم و کۆتاییش بریتیە لەوەی کە چەندین کاری دیار و بەرچاو هەن کە لەلایەن پسپۆر و ئەکادیمیکە عێراقی و بەریتانییەکان بە شێوەی سەربەخۆ ئەنجام دراون لە دەرەوەی چوارچێوەی هەماهەنگیی و هاوبەشکاریی فەرمی، بۆ نموونە وەکوو توێژینەوەی هاوبەش و بڵاوکراوەی هاوبەش و، هەروەها بەشداریکردنی هەمەجۆر لە قوتابخانەکان و رێکخراوە خێرخوازییەکان و ئەو پاڵپشتییانەش کە لەلایەن چەندین کەسەوە پێشکەش کراون بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی رێپێدان و بڕوانامەپێدانی نیشتمانی لە کۆلێژ و سکووڵە پزیشکییەکاندا.

**٣٦.** لە کاتێکدا کە زانکۆ بیانییەکان رەنگە لە داهاتوودا کاراتر بن لە عێراق، بەڵێن ئەو وڵاتە هێشتا هەر بە "خاکی دەرفەتەکان" دەمێنێتەوە سەبارەت بە دامەزراوە بەریتانییەکان. لە راستیشدا، سیستمی خوێندنی باڵای بەریتانی لە عێراق و لە جیهانیشدا سومعە و ناوبانگێکی وای هەیە کە وا لە زانکۆکان بکات هیواخواز بن بۆ ئەوەی یەك یان زیاتری ئەو دەرفەتانەیان لەگەڵدا بەدەست بێنن کە لە پەرەگرافەکانی ٦-١١ باس کراون.

**أ.** دەرفەتی هاوبەشکارییەکانی رەوتی سێیەم (جۆری ١) بە هەند وەرگیراون هەرچەندە ئەگەری بەهێزیان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی دەستکەوت و داهاتی گەورە بۆ ئەو دامەزراوە و رێکخراوانەی گرنگییان پێ دەدەن. یەکێك لە نموونەکانی ئەم جۆرە رەنگە بریتی بێت لە بەشداریکردنی زانکۆیەکی بەریتانی لە هاوبەشکارییەك لەگەڵ کۆمپانیایەکی

بەریتانی کە لە عێراقدا کار بکات، ئامانجی ئەم هاوکارییەش بریتی دەبێت لە دابینکردنی ڕاهێنان و شیاندن لە ناو خودی کۆمپانیاکە بۆ کارمەندانی ناوخۆیی. ئامانجەکە لەم کارە هەرچییەك بێت (بۆ نموونە ئەگەر خودی ڕاهێنان بێت لە ناو کۆمپانیا و یانیش توێژینەوەی جێبەجێکاری بێت)، ئەوا ئەو هاوبەشییە دەکرێ بەهێزتر بکرێت و بەها و گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێت ئەگەر زانکۆیەکی عێراقی بهێنرێتە ناو ئەو هاوبەشکارییەوە. نموونەکانی دیکەی دەرفەتەکانی جۆری ١ دەکرێ شێوەی جۆراوجۆری بەشداریکردنی کۆمەڵگەیی لەخۆ بگرن، یانیش هاوبەشکاریی تایبەت بە پەرەپێدانی ژێرخانەکان، هەماهەنگی لەگەڵ خاوەنکاران بۆ دابینکردنی هەلی کارامەیی بەرزتر یان پەیوەندیدار بە ڕوانامەکە، هەروەها پەرەپێدانی سەنتەرەکانی دەستپێشخەری و توێژینەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ پیشەسازییەکان و زانکۆ ناوخۆییەکان.

**ب.** هاوبەشکارییەکانی جۆری ٢ – بنیاتنانی تواناکان دەکرێ لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و کەرت ئەنجام بدرێن (سەیری خاڵی ٨ و خاڵی ١٦ پ-ج بکە). پێویستییەکی بەردەوام هەیە بۆ چاکسازی لە کەرتەکەدا، هەر هاوبەشکارییەکیش کە هانی کارنامەی نامەرکەزیکردن بدات، هەروەها بەهێزکردنی ڕێکارە عێراقییەکان بۆ کارگێڕیکردنی ئەم کەرتە و دڵنیایی جۆریی دەرەکی، پەیوەست دەبن بەو دانوستانانەی لەسەر ئاستی وەزارەت ئەنجام دەدرێن. ئەگەری زۆر هەیە کەوا بنیاتنانی تواناکان لەسەر ئاستی کەرتەکە، لە سایەی حەز و بەرژەوەندیی بەهێزی زانکۆکان لە ڕووی پەرەپێدانی سومعە و پێگەکانیان لە سیستمی ڕیزبەندی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەیڕەو دەکرێت، ببێتە هاندەرێك بۆ زیادکردنی خواست لەسەر پاڵپشتیکردن لە پەرەپێدانی سیستمی دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی. بە هەمان شێوە چەندین دەرفەتی دیکەش دێنە ئاراوە لە ئەنجامی بەشە فراوانەکانی بنیاتنانی تواناکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، بۆ نموونە هاوچەرخکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و شێوازەکانی فێرکردن و پەرەپێدانی ڕاهێنانەکانی زمانی ئینگلیزی.

**ج.** هەرچەندە میرنشینی یەکگرتوو ناوبانگێکی جیهانیی هەیە لە دابینکردنی پەروەردەی گوازراوە TNE و وەرگرتنی قوتابیە دەرەکییەکان، بەڵام پێشبینییەکان بۆ هاوبەشکارییە ئەکادیمییەکانی جۆری ٣ (سەیری خاڵەکانی ٩-١٣ و ١٦ / أ-ت بکە) ڕەنگە ئاڵۆزتر و تێکەڵوتر بن. هاوکارانمان لە عێراق حەز و ویستی بەهێزی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەرەوپێشبردنی شێوازەکانی ئاڵوگۆڕکردنی قوتابیان و ئەندامانی ستاف. بەڵام ئەمانەش لە هەمان کاتدا دەکرێ ببنە بەربەست و زاڵبوون بەسەریاندا زەحمەت بێت. وا پێدەچێ خولیای ئەنجامدانی هاوبەشکاری لە بواری پەروەردەی گوازراوە، بۆ نموونە وەکوو دامەزراندنی لقی کەمپە زانکۆییەکان، خولیایەکی سنووردار بێت و، هەروەك چۆن لە بەشە دواترەکانی ئەم ڕاپۆرتە روون کراوەتەوە، بەهای ئەو هاوبەشکارییانە پەیوەست دەبێت بەوە کە تا چەند پێداویستییە درێژخایەنەکانی وڵات و زانکۆکان پڕ بکەنەوە. لە کۆتاییشدا، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کەوا دەکرێ سوودێکی هاوبەشی بەرچاو دەست بکەوێت لە هاوبەشکاری لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان بۆ پەرەپێدانی یەکە و دامەزراوەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش و بەرهەمهێنانی بڵاوکراوەی هاوبەش (سەیری خاڵی ١٧ بکە لە سەرەوە). هاوبەشکارییەکان لە بواری توێژینەوە دەکرێ فراوانتر بکرێن بۆ ئەوەی لایەنی بازرگانی و دامەزراوە و ڕێکخراوی دیکەش لە عێراق بگرێتەوە، ئەوەش بۆ ئاوێتەکردن و تێکهەڵکێشانی جۆری ٣ (ئەکادیمی و زانستی) لەگەڵ چالاکییەکان جۆری ١ (ڕەوتی سێیەم). ئەگەری فراوانکردنی چوارچێوەی هاوبەشکارییەکان تا چەند بوارێکی بەرفراوانتری چالاکییەکان بگرنەوە، بە شێوەیەکی چڕوپڕتر لە خاڵی ٥٣ باس کراوە.

**٣٧.** زانكۆ بەریتانییەكان لە پێگەیەكی بەهێزدان بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتانە بناسنەوە. سەبارەت بە چالاكییەكانی رەوتی سێیەم (هەروەها سەبارەت بە ئەگەری پەرەپێدانی هاوبەشكارییەكانی جۆری ١)، لەم دواییانەدا خوێندنی باڵای میرنشینی یەكگرتوو ٣/١ی ئەو ٥٠ سیستەمەی خۆی تەرخان كرد بۆ بواری "پەیوەندییەكان" (ئەمەش پێوەرێكە بۆ بەشدارییە نێودەوڵەتییەكان و بواری بازرگانی بە زانست و ئاڵوگۆڕی زانستیدا). پەرەپێدانی هاوبەشكارییەكانی بنیاتنانی تواناكان -جۆری ٢- ئاسانكارییەكی باشی لە بەردەمدایە بە هۆی ئەوەی كە میرنشینی یەكگرتوو یەكێك بوو لە ئەندامە دامەزرێنەرەكانی كۆمەڵەی ئەورووپی بۆ دڵنیایی جۆری ENQA. هەروەها یەكێكی دیكەش لەو سەرچاوانەی كە ئەو زانكۆیانە دەتوانن پشتیان پێ ببەستن لە بواری پەرەپێدانی هاوبەشكارییەكانی جۆری ٢ بریتیە لەو راستییەی كە كەوا شێوازی بەریتانی لە بوارەكانی كارگێڕی و حوكمڕانیی كەرتەكەدا و هەروەها لە بواری دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی و دەرەكی و شێوازی داڕشتنی پرۆگرامەكانی خوێندن و شێوازەكانی فێركردن، شانبەشانی سیستمی ئەمریكی مۆدێلی سەرەكی و پێشەنگە لە رووی پەرەپێدانی خوێندنی باڵا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە سەر ئاستی جیهانیشدا. لە كۆتاییشدا، ئەو ناوبانگ و سومعەیەی كە خوێندنی باڵای بەریتانی لەسەر ئاستی جیهان هەیەتی دەكرێ ببێتە بەڵگە و هاندەرێك بۆ هەر زانكۆیەك كە دەیەوێ لە رووی هاوبەشكاریی ئەكادیمیی جۆری ٣ بەرەوپێش بچێت.

**٣٨.** چەندین سوود و دەرفەتی دیكەش هەن كە زانكۆ بەریتانییەكان دەكرێ پەرەیان پێ بدەن. لە چاوپێكەوتنێكی ئەم دواییانەدا، وەزیری خوێندنی باڵای حكوومەتی عێراقی جەختی لەسەر گرنگیی دەسپێكردنی دیالۆگ كردەوە لەگەڵ ئەكادیمیستە عێراقییەكانی دەرەوەی وڵات، بە تایبەت ئەوانەی كە لە میرنشینی یەكگرتوون. ئەو گوتی كە "لە سایەی پێویستیی زۆر بۆ بنیاتنانەوە و بەرەوپێشبردنی عێراق، وەزارەت خولیای ئەوەی هەیە كە پرۆسەیەكی پەیوەندیكردنی هەبێت بۆ دەستنیشانكردن و هەڵسەنگاندنی بابەتە كێشەدارەكانی بواری ئەكادیمی لە عێراقدا و، لەگەڵ دامەزراوە ئەكادیمییە عێراقییەكان و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا كار لەسەر دانانی چارەسەر بكات". ئەم لێدوانەی وەزیر رەنگدانەوەی ئەو بایەخپێدانە زۆرەیە كە لە عێراقدا بۆ خوێندنی باڵای میرنشینی یەكگرتوو هەیە، هەروەها نیشاندەری ئەو گرنگیپێدانەیە كە وەزیر و هاوكارەكانی بۆ ئەو پەیوەندییەی دادەنێن كە لە نێوان هەردوو وڵات دروست كراوە.
"ئەم 'پردە مرۆییە' نەك هەر پەیوەندیی بە عێراقییەكانی تاراوگە هەیە، كە زۆربەیان پۆستی باڵایان لە زانكۆ بەریتانییەكان هەیە، بەڵكوو پەیوەندیی بەو ژمارە زۆرەی ئەكادیمیستە عێراقییەكان و كارمەندانی حكوومی و سیاسەتمەدارە باڵادەستەكانیشەوە هەیە كە خودی خۆیان لە میرنشینی یەكگرتوو خوێندوویانە".

**٣٩.** گرێبەندێكی هاوسۆزی و لێكتێگەیشتن لە نێوان زانكۆ بەریتانی و عێراقییەكاندا، بە تایبەت ئەگەر لە ئاستێكی باڵادا بێت و لە چوارچێوەیەكی فەرمیی حكوومەتی عێراقیدا ئەنجام بدرێت، دەبێتە پێكهاتەیەكی بنچینەیی گرنگ بۆ دروستكردنی ئەم پردە مرۆییە. پێكهاتەیەكی دیكەی گرنگ بریتیە لەو ژمارە زۆرەی ئەكادیمیستە گەنجەكان كەوا، دوای ئەوەی خوێندنیان لە بریتانیا تەواو كردووە، گەڕاونەتەوە عێراق. زۆرێك لەوانە پێیان راگەیاندووین كە خۆیان و هاوڕێكانیشیان حەز بەوە دەكەن كە پەیوەندی لەگەڵ ئەو زانكۆیان ببەستنەوە كە خوێندنیان تێدا تەواو كردوون بەمەبەستی دەستخستنی هەل بۆ تەواوكردنی توێژینەوەكانیان لەگەڵ هاوكارانیان لە بەریتانیا. هەروەها پێشنیاری ئەوەش كراوە كەوا دەرچووانی زانكۆ بەریتانییەكان وەكوو كاراكتەری گۆڕانكاری كار بكەن لە رێگەی ناساندنی شێوازە نوێیەكانی فێركردن و داڕشتنی پرۆگرامەكانی خوێندن. بە شێوەیەكی گشتگیرتر، عێراقییە پەناهەندەكانی تاراوگە كە لە بەریتانیا ماونەتەوە، لەگەڵ ئەو دەرچووانەی بەریتانیا كە گەڕاونەتەوە عێراق و لەوێدا كار دەكەن، دەتوانن رۆڵێكی زۆر كاریگەریان هەبێت لە دەستنیشانكردنی دەرفەتەكانی هاوبەشكاری و ئەنجامدانی دانوستان لە بارەیانەوە، هەروەها لە دابینكردنی پاڵپشتییەكی درێژخایەن كەوا ببێتە زامنی پرۆژە هاوبەشەكان.

# سوود و بەربەستەكان

"عێراق وڵاتێكی پڕ تەحەددا و مەترسییە، بەڵام بازاڕێكی گەرم و پڕداهاتە بۆ ئەوەی كار و بازرگانیی تێدا بكرێت".

**سوودەكان:**

٤٠. لە كاتێكدا كە عێراق دەكرێت "بازاڕێكی گەرم و پڕداهات بێت"، دەستنیشانكردنی ئەو داهاتانە رەنگە كارێكی زەحمەت بێت، چونكە سووجە چاوەڕوانكراوەكان یان ئەو چاوەڕوانكارییانەی كە دەبنە هاندەر بۆ ئەنجامدانی هاوكاری و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەكان، لە رووی ئاست و جۆری هاوبەشەكانەوە هەمەجۆر دەبن. رووماڵێكی نوێ كە لەلایەن كۆمەڵەی نێودەوڵەتیی زانكۆكان IAU ئەنجام دراوە، دەڵێت كەوا بەنێودەوڵەتیكردن وا لەبەر چاو دەگیرێت كە نەك هەر تەنها دەبێتە مایەی باشتركردنی كوالیتیی پەروەردە و فێركردن، بەڵكوو پشكداری و كاریگەرییەكی پۆزەتیڤیش لەسەر كۆمەڵگا دروست دەكات. هۆكاری ئەم كۆدەنگییەش شتێكی و بەڵگەنەویستە. بە شێوەیەكی گشتی، بەشداربووانی رووماڵەكەی IAU جەخت لەسەر بەها و گرنگییە مرۆیی و زانستییەكانی هاوبەشكارییەكی لەم شێوەیە دەكەنەوە لە نێوان زانكۆ و ئەكادیمیستە عێراقی و بریتانییەكان دەكەنەوە، لە هەمان ئەو كاتەشدا ستافی بەرپرسانی باڵا دەتوانن ئەو چالاكییانە ئەنجام بدەن كە تایبەت بە بەرزكردنەوەی سومعە و ناوودەنگی ئەو زانكۆیانە.

٤١. پاڵپشتی و خولیاكانی حكوومەت بۆ ئەم بابەتە رەهەند و هاندەرێكی دیكە زیاد دەكات. سەبارەت بە میرنشینی یەككگرتوو، چارەسەركردنی تەحەددا جیهانییەكان لە رێگەی هاوكاری و پەرەپێدان و دەستپێشخەرییە پەروەردەییەكان بریتیە لە "بەرژەوەندییەكی نیشتمانی": چونكە سوودی هەناردەكردن بەردەست دەكات و، هۆكارێكە بۆ دروستكردنی "دەستەڵاتی نەرم Soft Power" و هەروەها دەبێتە مایەی بەرهێزكردنی ئاسایشی نیشتمانی لە ناو وڵاتدا. سەبارەت بە وڵاتی هاوبەشیش، ئەوا پاڵنەر و هۆكارەكانی داواكردنی ئەم جۆرە سیاسەتەكانە بریتین لە پڕكردنەوەی خواستەكان (بۆ نموونە بەكارهێنانی پەروەردەی گوازراوە و شێوازەكانی دیكەی هاوبەشبوون و هەماهەنگی وەكوو هۆكارێك بۆ پڕكردنەوەی خواستە ناوخۆییەكان)، یانیش بۆ مەبەستی بنیاتنانی تواناكان و هەروەها سوودبینێن لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەكان بۆ پیشاندان و خستنەڕووی توانا و سەرچاوەكانیان.  سەربارى ئەمانەش و هەروەها شانبەشانی نەهێشتنی جیاوازییەكان لە نێوان پاڵنەر و هۆكارە هاندەرەكانی حكوومەت و بەڕێوەبەرانی دامەزراوەكان و ستاف، پابەندییەكی رەسەن و گرنگیش هەیە سەبارەت بە بیرۆكەی ئەوەی كەوا هاوبەشكاری بریتیە لە هۆكارێك بۆ پاڵپشتیكردنی بنیاتنانەوەی وڵاتێك كە دەیان ساڵ بەدەست گرفت و چەرمەسەرییەكانەوە ناڵاندوویەتی. هەروەك جێگری سەرۆكی یەكێك لە زانكۆكان باسی لێوە كرد "پاڵنەری ئێمە بۆ كاركردن و هاوبەشكاری لەگەڵ عێراق و شوێنە نائارامەكانی دیكە شتێكی سادە و روونە: ئەرك و پەیامەكەمان پێویستی بەوە هەیە، یان بە راشكاوی بیڵێم: خەڵكی عێراق شیاوی پاڵپشتیی ئێمەیە".

٤٢. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەگەرە بەهێزەی كەوا حكوومەت و دامەزراوە و تاكەكانی عێراق و بەریتانیا دەرفەتەكانی هاوبەشكاری دەزانن و دەیانناسنەوە بە چەندین هۆكاری جیاواز، سەقامگیربوون و بەردەوامبوونی هەر پرۆژەیەكی هاوبەش پەیوەستە بە تەوافوق و هاودەنگی و هەروەها شەفافیەت و روونیی لایەنەكان و پێشبینی و چاوەڕوانكارییەكانیان. لە هەر رێكخراوێكی بەشدار لە كارێكی هاوبەشدا، پاڵنەرەكانی بەڕێوەبەر و ستافی ئەو رێكخراوە دەكرێ روون بێت یانیش ئاڵۆز و شاراوە بێت، هەروەها رەنگە بەو هۆیەوە ئەوانە ستایش بكرێن و یانیش بە نەشیاو لە قەڵەم بدرێن. لە بەشی كۆتایی ئەم راپۆرتەدا ئەوە دەخەینە بەر باس كەوا كارایی و سەركەوتن و سوودبەخشینی هەر هاوبەشكارییەك پەیوەستە بە هەبوونی متمانە و، ئەمەش پێویستی بە هەبوونی پاڵنەر و هاندەری روون و شەفاف هەیە. هەروەها پێشنیاری ئەوەش دەكەین كەوا یەكێك لە مەرجەكانی سەركەوتنی درێژخایەن و بەردەوامبوونی هاوبەشكارییەكان بریتیە لە هەستی بەرپرسیارێتیی گشت لایەنەكان بۆ ئەوەی سوودەكان بە هاوبەش ببینن و بە دیدێكی واقیعییانە مەترسییەكان هەڵبسەنگێنن.

## بەربەستەکان

"ڕەوشی سیاسی و ئابووری و ئەمنی بە شێوەیەکی گشتی لە عێراقدا ناسکە و لەنگە... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەرفەتە بازرگانییەکان دەرفەتی بەرچاون لە سایەی بەردەوامبوونی بنیاتنانەوەی ژێرخانەکان و دامەزراوە سەرەکییەکان. چەندین گرێبەستی گەورە لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکان واژوو کراون و واژوو دەکرێن، ئەمەش هاندەرێکی ستراتیژییە بۆ ئەنجامدانی کار و بازرگانی لە عێراق".

**٤٣.** هەڵسەنگاندنەکەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێڵت FCO دەنگدانەوەی ئاماژەیەکی سەرەتاییە سەبارەت بە عێراق بە وەسفکردنی ئەو وڵاتە بە "مەترسییەکی گەورە بەڵام بازاڕێکی گەرم و پڕداهات". زاراوەی "مەترسی" بە شێوەیەکی باش پێناسە کراوە بەوەی کە بریتیە لە "هەر مەترسییەک یان ئەگەری هەر کار و ڕەفتارێك کە کاریگەرییەکی زۆر بخاتە سەر توانای ڕێکخراوەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان". سەبارەت بە دامەزراوەیەکی ئەکادیمی کە بیەوێت هاوبەشکاری لەگەڵ زانکۆیەکی (یان ڕێکخراوێکی عێراقی) ئەنجام بدات، ئەوا بە گوێرەی بۆچوونەکەی FCO چەند مەترسییەك یان بەربەستێك هەن کە پەیوەندیدارن بە ڕەوش و کەشی کارگێڕی و بەگەڕخستن، ئەوانەش لە خاڵەکانی لە خوارەوە ٢٦-٣٠ باس کراون هەروەها دەکرێ مەرجەکانی بەشداریکردن و هاوبەشیکردنیش لە نێوان زانکۆکان و ڕێکخراوەکان لەو دوو وڵاتەدا ببنە بەربەست (خاڵی ٣١). دواجاریش، چەند فاکتەرێك لەسەر ئاستی دامەزراوەییش (خاڵەکانی ٣٢-٣٣) کە دەکرێ بە هەمان شێوە " کاریگەرییەکی زۆر" بخەنە سەر توانای زانکۆیەك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. گفتوگۆکان لەم بەشەدا پەیوەستن بەوەی کە "زانکۆیەکی تەندروست و ستراتیژی" پێویستە توانای ئەوەی هەبێت مەترسییەکان کەم بکاتەوە و کۆنترۆلیان بکات و بەسەریاندا زاڵ بێت لە هەر سێ ئاستەکەدا، هەروەها توانای ئەوەی هەبێت کە هەندێك لەو مەترسییانە بکاتە دەرفەت.

## کەشی کارکردن و بەگەڕخستن

**٤٤.** ئێمە پێش ئێستا باسی گۆڕانکارییەکانی ڕەوشی ئەمنیی عێراقمان کرد و ئەو کاریگەرییانەشمان باس کرد کە هەبیووە لەسەر سیستمی خوێندنی باڵا لەو وڵاتە و لەسەر بەشداریکردنەکانی زانکۆ بیانییەکان لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکاندا. پشتبەستنی ئابووریی عێراق بە فرۆشتنی نەوت دەرەنجامەکەی ئەوە بوو کە هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی وڵات و زانکۆکان و هەروەها پاراستنی هاوبەشکارییەکانی بواری خوێندنی باڵا تووشی پەککەوتنێکی گەورە ببنەوە دوای ئەوەی نرخی نەوتی خاو لە ٢٠١٤ بە ڕێژەی ٥٦٪ و دواتریش بە ڕێژەی ٣٦٪ی دیکە لە شوباتی ٢٠١٦ دابەزی. ئێستا هەریەکە لە ڕەوشی ئەمنی و ئابووری باشبوونیان بەخۆیانەوە بینیوە، سەرباری ئەمەش هێشتا مەترسی ماون لەسەر ئەو کەسانەی گەشتی عێراق دەکەن و لەوێدا کار دەکەن. لە کاتێکیشدا ئەو مەترسییە ئەمنییانە بەردەوام دەبنە بەربەست بۆ هەوڵەکانی دەستپێکردن و پاراستنی هێڵەکانی پەیوەندیی پێویست بۆ کارگێڕیکردنی کارای هاوبەشکارییە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێ چەند ڕێوشوێنێکی گونجاو دابنرێن بۆ ئەوەی کارمەندانی ستاف بتوانن گەشتی عێراق بکەن و لەوێدا کار بکەن.

**٤٥.** ڕەوش و کەشی کارکردن هەروەها چەند بەربەست و تەحەددایەکی سیاسیش لە خۆ دەگرێت. بە گوێرەی خشتەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیی وڵاتان کە لەلایەن دەزگای شەفافیەتی نێودەوڵەتی بڵاو کراوەتەوە، عێراق لە پلەی ١٦٨ هاتووە لە کۆی ١٨٠ وڵات کە لە خشتەکەدا باس کراون. بە هەمان شێوە، پەیوەندیگرتن لە نێوان زانکۆکان و حکوومەتدا یەکێکە لە بەربەستەکانی دیکە کە دەکرێ کاریگەریی لەسەر هەر زانکۆکیەك هەبێت کە بیر لە دروستکردنی هاوبەشکاری دامەزراوەیەکی عێراقیدا ببەستێت. زانکۆکانی عێراق سەربەخۆییان نییە، هەروەك یەکێك لە بەشدارانی ڕاپرسییەکانمان گوتی "پەروەردە سەر بە حکوومەتە"، سەرباری ئەو گرفتانەی کە ئەم ناسەربەخۆییە دروستی دەکات بۆ ویست و حەزی هەر زانکۆیەکی بەریتانی کە بیەوێت مافی خۆی بپارێزێت و خۆی بڕیار بدات لەسەر جۆری پرۆگرامەکانی خوێندن، لەلایەکی دیکەشەوە دەستاودەستکردن و

گۆڕینی وەزیرەکان هەر چوار ساڵ جارێك (یان زووتر) بە واتای ئەوە دێت کە سیاسەتەکان دەگۆڕدرێن یان پێچەوانە دەبنەوە، بەم شێوەیەش زەحمەتە بۆ زانکۆکان و هاوبەشەکانیان کە بتوانن پلانی درێژخایەن دابڕێژن. ئەوەش کە مایەی پێکەنینە ئەوەیە کە، لە کاتێکدا کە سیستمی خوێندنی باڵا لە ژێر کۆنترۆڵێکی سیاسیی توند و چڕدایە، لە هەمان کاتدا کارگێڕیکردنی کەرتەکە و پرۆسەی دڵنیایی جۆریی دەرەکی لەو کەرتەدا پرۆسەیەکی دواکەوتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگە لە بەردەستدا هەیە کەوا ئەو بەربەستە سیاسییانە ئەگەری چارەسەربوونیان هەیە. لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠١٨، ئێستا بەرپرسانی حکوومەت بە "زمانی چاکسازی" دەدوێن. ئەمەش واتا پابەندبوون بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی گرفتە دامەزراوەییەکان.
هەروەها دان بەوەشدا نراوە کەوا پێویستە سەربەخۆییەکی زیاتر بە زانکۆکان بدرێت، هەروەها لەسەر ئاستی وەزارەتیشدا خولیا و حەزێکی بەهێز هەیە بۆ داڕشتنی رێکار و رێوشوێنی گونجاو بۆ رێنمایی و پێداچوونەوەی زانکۆکانی وڵات.

**٤٦.** رێکارەکانی ئێستای عێراق سەبارەت بە کارگێڕیکردنی ئەم کەرتە و رێوشوێنەکانی دڵنیایی جۆری نموونەیەکن بۆ ئەو بەربەستانەی کە دەکرێ بە دەرفەت لە قەڵەم بدرێن: دەرفەتی پاڵپشتیکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ داڕشتن و پەرەپێدانی سیستمی کاریگەر بۆ رێکخستنەوە و پێداچوونەوەی زانکۆکان. بە هەمان شێوە رەوش و کەشی کارکردنەکەش ئاماژەیە بۆ ئەو بەربەستە کەلتوورییانەی کە دەکرێ بە دەرفەت هەژمار بکرێن بۆ ئەو زانکۆ بەریتانییانەی کە دەیانەوێ ببنە بەشێك لە چارەسەر بۆ ئەو جۆرە کێشە و گرفتانە، بۆ نموونە بەربەستەکانی ئەم بوارە بریتین لە کەلتوورێکی پەروەردەیی کە بوارێکی زۆر کەم دەڕەخسێنێت بۆ بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و خوێندن و فێربوونی سەربەخۆ، هەندێك لە بەشداربووانی راپرسییەکانمان باسیان لەوە کردووە کەوا بەرپرسانی باڵای زانکۆکان لە عێراق نایانەوێ گۆڕانکاری بکرێت و، بە کەمبایەخییەوە سەیری توێژینەوەی جێبەجێکاری و ئاوێەکردنی زانکۆ و بازرگانییەکان و کەرتی گشتی و کەرتی تێکەڵاو دەکەن.
لە ژێرەوەی ئەو بەربەستە زانکۆییانەدا سیستمێکی فێرکردنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەیە کەوا ماوەیەکی زۆرە بە دەست کەمی سەرچاوەییەوە دەناڵێنێت و لاوازییەکی بەرچاوی تێدایە لە رووی فێرکردنی زمانی ئینگلیزییەوە.

**٤٧.** سیستمی خوێندنی باڵا لە عێراق پێکهاتەیەکی تەنها و جیانەکراوە نییە: چەندین جیاوازی لە شوێنە جیاوازەکانی عێراقدا هەن (بەم شێوەیە بەربەست و دەرفەتەکانیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی وڵات دەگۆڕێن) هەروەها لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتیشدا ئەو جیاوازییە هەیە. زیادبوونێکی زۆر لە ژمارەی زانکۆ ئەهلییەکان دروست بووە و ژمارەیەك لە بەشدارانی راپرسییەکانمان باسیان لەوە کرد کە هەوڵدان بۆ قازانجی دارایی لە لایەن ئەو وزانکۆیانەوە لەسەر حیسابی کوالیتیی پەروەردەیە و، گەندەڵی گرفتێکی دیاری ئەو بەشەیە.
بەڵام چەند بەشداربوویەکی دیکە بۆچوونێکی دیکەیان هەبوو: ئەوان پێیان وابوو کەوا زانکۆ حکوومییەکان سەرچاوەی پێویستیان نییە، بەلایەنی کەمەوە بەشێك لە هۆکاری ئەمەش بۆ قەیرانی دارایی دەگەڕێتەوە (سەیری خاڵی ٢٦ بکە لە سەرەوە)، بەڵام دامەزراوە ئەهلییەکان هەوڵ دەدەن کە سەرچاوەی باشتر دابین بکەن.
ئەوان پێیان کە ئەم راستییە کاریگەریی هەبووە لەسەر پڕ ستافکردنی زانکۆ ئەهلییەکان: مووچە لە زانکۆ حکوومییەکاندا کەمترە بەڵام پیشەکە سەلامەتتر و پارێزراوترە، بۆیە زانکۆ ئەهلییەکان سوود لەوە دەبینن و کارمەندانی بەتواناتر بۆ خۆیان دەبەن. هەروەها باسیان لەوەش کە بەهۆی پشتنەبەستنیان بە بودجەی حکوومەتەوە، زانکۆ ئەهلییەکان سەربەخۆییەکی زیاتریان هەیە و کەمتر لەلایەن حکوومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، دامەزراوە ئەهلییەکانیش هەر دەچنە ژێر باڵی رێنماییەکان و، وەکوو هەوڵێکیش بۆ باشترکردنی کوالیتییەکان و رێکارەکانیان بۆ دڵنیایی جۆری، حکوومەت هانی ئەو زانکۆ ئەهلییانە دەدات تاکوو هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی دەرەکی بکەن.

**٤٨.** لە میانەی هەڵسەنگاندنی بانکی نێودەوڵەتی لە لیستی ئەو وڵاتانەی کە "بازرگانییان تێدا

دەکرێت"، عێراق ڕێژەی ٤٤،٧٢ی بەدەست هێنا و لە ڕیزبەندیی ١٧١دایە لە کۆی ١٩٠ وڵات. لە کاتێکیشدا کە هیچ پێوەرێکی جیاواز لەو لیستەدا دانەنراوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام بەشداربووانی ڕاپرسیەکە باسیان لەوە کردووە کە لە هەرێمی کوردستاندا تەحەددای کەمتر هەن "شوێنێکی سەلامەتتر و سەقامگیرترە" لە ڕووی بازرگانییەوە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کەوا زانکۆ نێودەوڵەتییەکان زیاتر هەوڵی ئەوەیان داوە کە کارەکانیان لەو هەرێمە ئەنجام بدەن.

---

## سەرنج و پێشنیارەکان

**٥٧.** بێ گومان عێراق "ولاتی دەرفەتە": ئەم ولاتە ئامادەیە بۆ کاری بازرگەری و میوانداری کردن بۆ بازرگانی، کە ئەمە لەرێگای زانکۆکانی بەریتانی دەکرێت، هیچی لە ریکخراوە کۆمەلایەتییەکان کەمتر نییە. ئەم دەرفەتانە پێویستی ئەو ولاتەن کە بە دەیان سال ڕوبەڕوی شەر و خاپور بوون بونەتەوە. پرکردنەوەی ئەو پێداویستییانە ژمارەیەکی زۆری خواست و توانای ئەو کەسانەیە کە لە هەر دوو ولات بڕیاری بەشداری کردن لە ئاستی حکومەت و ڕێکخراوەکان دەدەن.

**٥٨.** ئێمە پێشنیارمان کردووە ئەو بەرنامە و ڕێکارانەی کە دەبنە هۆی گەشەپێدانی بەشداری تاکە کەسی، پێویستە بە پێی ووتوێژی پسپۆڕانە لە نێوان ڕێکخراوەکانی هاوبەش بە ڕونی بێت و بڕیاری لەسەر بدرێت.( پەرەگرافی ٥٥) ئێمە بڕوامان بەوەیە کە پرسێکی ڕاستەقینە بۆ پرسە هاوشێوەکان لە ئاستی میللی هەیە. لەبەر ئەوە، یەکەم پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە گروپێك بۆ چاودێری و ڕێنمایی لەسەر گەشەپێدانی زانکۆکانی عیراق و بەریتانیا ڕێکبخرێت و ئەو دەرفەتەیان هەیە کە بەشداریکردن پێکدێت لە ڕێکخراوەکانی بازرگانی، حکومی و ڕەوتی سێهەم.

**٥٩.** هەرچەندکە کە پێکهاتەی ئەم گروپە لە لایەن ئەنجومەنی بەریتانیا و لایەنی تر ووتوێژی لەسەر دەکرێت، بەلام پێشبینی دەکرێت ئەندامێتی ئەم گروپە پێکدێت لە نوێنەری زانکۆکانی عێراق، وەزاری خوێندنی بالا توێژینەوە زانستی، ئەنجومەنی بەریتانیا، وەزارەتی بازرگانی نێودەولەتی و نوێنەری زانکۆکانی بەریتانیا و قازانجە بازرگانییەکان.
پێشنیاری یەکەم: ئەنجومەنی بەریتانیا پێویستە گروپە قازانج کراوەکە کە پێکدێت لە نوێنەری مافەکانی زانکۆ، بازرگانی و سیاسی عێراق و بەریتانیا ڕێکبخات.

**٦٠.** بۆمان دەرکەوتووە کە مانەوەی بەشداری کردن پەیوەستە بە ڕێژەی بەدواداچوونی بەشداریەکە، نەك تەنها بە پێویستییەکانی ئەندامێتی ئەندامەکان، بەلکو پەیوەستە بە چاوەڕوانی قازانجکەرەکانی ناوخۆ و دەرەکی ئەوان. زانکۆکانی بەریتانیا و عێراق لە ژینگەی سیاسی نادیارەوە کاردەکەن، گرینگی بەوەش دەدرێت کە ستراتیژییەکانی میللی هەر دوو وەلات یان ماوەتەوە وەیان بە ڕێژەی پێویست بەشی چالاکیەکانی بەشداربوونی زانکۆکانی خۆیان ناکەن، و هەندێك پێوەر پێشکەش دەکەن کە بەپێی ئەو پێشینەکان دیاری دەکرێن و دەکرێ پێشکەوتنەکان هەلبسەنگێندرێ.(بەندی ٣١{أ}). کەواتە، ئێمە پێشنیار دەکەین کە گروپی بەشداربوو چوارچێوەیەکی ستراتێژی هاوبەش دروست بکەن، ئەم پرۆگرامە بەپێی ئەو ریسك و دەرفەت و پێداویستییانەیە کە دەتواندرێ لەو ڕێگایەوە هاوبەشی نێوان زانکۆکان و زۆربەی ڕێکخراوەکانی بەریتانیا و عێراق دروست بکرێت.

**٦١.** چوارچێوەی ستراتیژی هاوبەش، پێویستە ڕێنمایی تایبەت سەبارەت بە پێداویستییەکان و پێشینەکانی ولات پێشکەش بکات، جەخت کردن لەسەر گواستنەوە و دروستکردنی دۆخی وانەگوتنەوە، بەدواداچونەکانی زانکۆیی و چالاکییەکانی ڕەوتی سێهەم. بەپێی چالاکییکانی ڕەوتی سێهەم و ئامادەسازی دۆخەکە، ئەگەر چوارچێوەی ستراتیژی هاوبەش کاریگەریەکی بەرچاوی لە هەموو بەشەکانی چاودێری تەندروستی، بناغەدانان، کشتوکاڵ، خزمەتگوزارییەکانی دارایی و پیشەیی، کلتور و فێرکاری سوودمەند و قازانجدار دەبێت.
چوارچێوەی ستراتیژی هاوبەش، پێویستە ڕێکخراوەکان هان بدەت تاکو ئەو ڕێگاچارانەی کە پێشنیار دەکەن بۆ دلنیایی لە بەردەوام بوونی پێویستییەکانی ئەندامێتی خۆیان، بەکار بهێنن.
**پێشنیاری دووەم:** ئەنجومەنی بەریتانیا پێویستە پشتگیری گروپە قازانج کراوەکان لە



پێکهێنانی چوارچێوەیەکی ستراتیژی هاوبەش بۆ رێکخستنی بەشداربوونی بەریتانیا و عێراق بکات.

**٦٢.** بودجەی دەرەکی بۆ دلنیایی لە بەردەوام بوونی هاوبەشکارییەکان وەیان مانەوەی درێژخایەنیان گرینگە. ئێمە لەبارەی سەرکەوتنی پرۆگرامی DelPHe لە دلنیایی بودجەی قۆناغەکانی سەرەتایی پێشختنی بەشداربوون، بیرمان کردەوە کە لەوانەیە خەرجییەکان لە داهاتەکان زۆرتر بێت، کاتێك کە بەشداربووان لەوانەیە هێشتا تێگەیشتنی پێویست لە ئەگەری روبەرووبونەوەی هەرەشەکان ئاگادارنەبوونە.(پەرەگرافی ١٥ و ٣١ "c") ئێمە هەروەها بودجەیەکی تارادەیەك باشمان بۆ خزمەت زانکۆکانی ئەوروپی داناوە(یاسای ١٦D). هەربۆیەشە ئێمە پێشنیار دەکەین دەستکەوتنی DelPHe گرینگە ئەگەر خوێندنی باڵای بەریتانیا ئامادەی هاوکارییەکی تەواو و پێشکەوتوو بێت بۆ دوبارە چاکردنەوەی وڵات و گەشەپێدانی سێکتەری خوێندنی باڵای ئەو ولاتە.

**٦٣.** لە بەشی کۆتایی ئەم راپۆرتەدا، ئێمە جەختمان کردە سەر گرینگی یەکسانی لە دلنیایی لە نەخشە و گەشەپێدانی بەرنامەدارێژراوی بەشداربوون، پێداویستییەکانی درێژخایەن و پێویستییەکانی میللی عێراق. لەبەر ئەوەشە، ئێمە پێشنیاز دەکەین کە کەسانی پەیوەندیدار پێویستە ئەو قازانجانەی کە لەم جۆرە پرۆگرامانەی دەستخستنی داهات وەکو ئەو پشتگیرییانەی کە لە دەزگای خێرخوازی نیۆتۆن مشرفە پێشکەش دەکرێت کە بەشدارییەکانی زانستی و نوێگەری لە نێوان بەریتانیا و میسر پێشدەخات، دەستدەکەوێت، بەرچاو بگرن.

**پێشنیازی سێهەم:** ئەنجومەنی بەریتانیا بۆ دلنیایی لە دەسکەوتنی داهاتی پێویست بۆ پشتگیری لە زانکۆکانی بەریتانی و عێراقی/وەیان لە نێوان رێکخراوەکانی خوێندنی باڵای و گشتی رێکخراوەکانی نائەکادیمی، لەگەل کەسانی پەیوەندیدار هاوکار بێت.

**٦٤.** ئێمە مشتومڕی ئەو پرسەمان کردووە کە زانکۆکانی بەریتانی بۆ زاڵبوون بەسەر کێشمەکێشەکانی کردەوەیی لە عێراق پێویستە لەگەڵ یەکتری هاوکاری بکەن و گۆڕینەوەی ئازادانەی زانیارییەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەدایەکی باش بەو شێوەیە چاوەروان دەکرێ. ئەم راپۆرتە ئاماژە بەوە دەکات کە کەمی و کورتی زانیارییەکان لەسەر چالاکی زانکۆکانی بەریتانیا لە عێراق بەربەستێکی مەترسیدار و گرینگە بۆ پێشخستن و راگرتنی بەشداربووان. (بەشی ٣١"د") . هەر بۆیەشە پێشنیار دەکرێت کە بودجەی پەیوەست بە زانکۆکانی داواکار بۆ ئاشکراکردنی ئامانج و چالاکییەکانیان دەیێت و خوازیاری پێشینیارکردنی پەیمانگاکانی ترن کە بەدوای کارکردن لەگەڵ زانکۆ و رێکخراوەکانی تری عێراقی دەگەرێن. بۆ پشتگیرکردن لەو پێشکەوتنە، پێشنیاز دەکرێت کە ئەنجومەنی بەریتانیا پێویستە ناونوسینی زانکۆکانی بەریتانی کە لە عێراق چالاکن بپارێزێت.

**٦٥.** داواکارەکانی دلنیایی داهات پێویستە بریاری خۆیان بۆ باشتربوونی هەوڵی بەشداربوونیان و تواناکانیان بۆ روبەروبونەوەی پێویستی درێژخایەنی پەیمانگاکانی عێراقی و کەسانی پەیوەندیدار بدەن. گریمان، لە بریارەکانی خۆیان سەبارەت بە تایبەت کردنی بودجە بۆ پشتگیری پەرەپێدانی بەشداربوون، ئەنجومەنی بەریتانیا و گروپە پەیوەندیدارەکان، بەشداربووەکان پابەند بکەن بە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی بریارلەسەر دراو بۆ پێشخستنی درێژخایەن و بەردەوامی بەشداربوون بزانن، ئەمە وا دەردەخات کە بۆ هەر پێداویستی و پێشینەیەك و ئەرکەکانی CSF دیاری دەکرێن.

**٦٦.** کۆکراوەی پێشنیارەکانی داهاتوو بە شێوازی تایبەت کە رۆڵی ئەنجومەنی بەریتانیا توانای پشتگیری لە زانکۆکان و گروپی پەیوەندیدارەکان دەگێرێت، دەیێت.

**پێشنیاری پێنجەم**: هەر زانکۆیەك کە دامەزراوە (یان بەنیازە فراوانتر بکرێت) کە ژمارەیەك گرێبەست و هاوکاری لەگەل رێکخراوەکانی خوێندنی بالا وەیان رێکخراوەکانی تر لە عێراق ئەنجام دراوە:

**أ.** لەگەل حکومەتی عێراق ، فەرمانبەرانی عێراقی و دەرچووانی عێراقی سەبارەت بە پێشکەوتنە سەرەتاییەکان و بەردەوامی هابەشی زانکۆ لە ولات، راوێژ بکەن.
سەیری لقی ٢٠-٢١، ٣٨-٣٩ بکەن.

**ب.** مەترسی و دەسکەوتەکانی تەواوی دەرفەتەکان بۆ بەشداربووەکان لەگەل زانکۆکان و رێکخراوەکانی تر دیاری بکەن.
لقەکانی ٦-١٠ و ١٨ لەو راپۆرتە، رێنمایی سەبارەت بە هەلبژاردەکانی بەشداربوون لە سێ چالاکی ( بەدواداچوون، TNE ،رەوتی سێهەم) پێشکەش دەکات، و شیکاری و بەدواداچوون لە لقەکانی ٢٥-٣٣ ئەبێ زانکۆکان هان بدات کە سەبارەت بە مەترسییەکان و قازانجەکانی پەیوەندیدار بریار دەدات. هەروەها ئێمە بە دوای هاندان بۆ پەرەپێدانی بەشداربووەکانی رەوتی سێهەم لەگەل کار و رێکخراوەکانی نائەکادیمی تر بوین و سەبارەت بە بەربەستەکانی دامەزراندنی قوتابیانی نێودەولەتی و ئامادەکارییەکانی TNE (تایبەت مافی دەستهەلاتپێدان و هاوبەش کردن) کە ئەرکێك بۆ پێکهێنانی بڕی هاوبەشی عێراقی ناگرێتەوە، رادەربرینمان کردووە.

**ج.** دلنیابن کە بەداواداچونەکانی وورد و سەرەتایی ئەوان بە جۆرێك دەکرێ کە هاوتەرییە لەگەل باشترین رێکارەکان لە بەشی پەروەردەی بالا.
لە لقەکانی ٣٦-٣٧ زانکۆکان هان دەدەین کە بزانن ئاخۆ کردەوەکانی وورد و هەلسەنگاندنی مەترسییەکانیان بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی لە ژینگەکانی بەرەنگارکەر باشە یان نە.

**د.** ووردەکاری چالاکییەکانی بەشداربوونی ئێستا یان پێشنیارەکانی خۆتان پێشکەش بە ئەنجومەنی بەریتانیا بکەن.
پێشنیارەکانی ٤(ا) و (پ) ببینن.

**ه.** بە داواکاری تەواوی زانکۆکان، بۆ راوێژ و پشتیوانی لە پەیوەندی لەگەل سەنتەرەکانی بالا و تەواوی رێکخراوەکانی عێراق، وەلامی ئەرێنی بدەنەوە. پابەندبوون بە راوێژ و پشتگیری لە تەواوی رێکخراوەکان، نەك هەر گرینگە، بەلکو مەرجی دابینکردنی بودجەش دەبێت.( پێشنیاری ٤(ا) ).

# هاوپێچ ١

## ووردەکاری پرۆژە:

تشرینی دووهەم، ئەنجومەنی بەریتانیا پرۆژەیەکی بەدواداچوونی بچوکی لەبارەی پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان زانکۆکانی بەریتانیا و کۆماری عێراق و ووزەیی شاراوە بۆ پێشخستنی ئایندە بریاری بۆئەم جۆرە کاری هاوبەش دا.

### ئەرکی ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- خوێندنەوە لەسەر دارشتنی پەیوەندیدار بکەن، مۆدێلەکانی گونجاو و کاریگەر بۆ بەشداری کردن و نەگونجاو بۆ هاوکاری کردن بناسنەوە.
- بەشداربوونەکانی ئێستا لە نێوان زانکۆکانی عێراق و هاوشیوەکانی لە بەریتانیا و هەر ولاتەکی دەرەوە بناسنەوە.
- ئارەزوو و هیوایەتەکان و پانتایی خاستەکانی پەیمانگە بەریتانی و عێراقییەکان کە لەوانەیە جێگای سەرنجی هاوکاری کردن بن، بناسنەوە.
- ناسینەوەی باشترین، کارامەترین و بەقازانجترین دەستکەوت و دەرفەتەکانی هاوکاری.
- هەموو جۆرە بەربەست و رێگرەکانی هاوکاری شی بکەنەوە.
- ژمارەیەك پێشنیار سەبارەت بە چۆنیەتی پشتگیری لە پێشکەوتن و پاراستنی هاوبەشی نێوان بەریتانیا و رێکخراوە عێراقییەکان پێشکەشی ئەنجومەنی بەریتانیا دەکەن.

پێکهاتەکانی ئەم راپۆرتە ، لە بەشێك لە چاوپێکەوتنەکەدا لەگەل ٤١ کەس جێگیرە. بەنزیکەیی نیوەی وەلامدەرانی نوێنەری حەوت زانکۆ لە بەریتانیا، زانکۆی کۆنسێرسیومی بەریتانی لە عێراق ، ئەنجومەنی بازرگانی بەریتانیا لە عێراق، تۆری ناهەرین و گروپی بازرگانانی نێودەولەتی بوون. ٢٣ چاوپێکەوتن لەگەل هاوکارانی خەریکی ئەنجامدانی کار لە عێراق بوون. ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەل کرا پێکهاتبوون لە فەرمانبەرانی ١٣ زانکۆی میری و ئەهلی لە عێراق و کوردستان، سەفارەتی بەریتانیا و ئەنجومەنی بەریتانیا لە بەغدا و بەشی پەیوەندییە کلتورییەکان لە سەفارەتی عێراق لە لەندەن بوون. هەروەها ژمارەیەك چاوپێکەوتن لەگەل نوێنەرانی وەزارەتی خوێندنی بالا و بەدواداچوونی زانستی لە بەغدا و هەولێر و کارمەندانی باڵای هەردوو کۆمپانیای بەریتانی لە عیراق ئەنجام دراوە.
نوسەری ئەم راپۆرتە هەروەها لە ١٨ تاکو ٢١ی مارسی ٢٠١٩ لە نمایشی ئۆتۆمبێلی سەفیری هیندوستان لە بیرمەنگام ، لیدز، مانچستەر، بیلفاست و گلاسکۆ بەشداربووە. لەخولی بەرێوەچونی کۆبونەوەکانی نمایشی ئۆتۆمبێل بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆکانی بەریتانیا و بەرپسی باڵای خوێندنی باڵا و رێکخراوەکانی جۆراوجۆری بازرگانی و کارمەندانی ناوچەیی بەشی بازرگانی نێودەولەتی وەکو (INVEST NORTHERN IRELAND, SCOTTISH DEVELOPMENT INTERNATIONAL)کۆبونەوە.
نوسەر بە خۆشحالییەوە رێز لە زانیارییەکان و هاوکارییەکانی پێشکەش کراو لەلایەن توێژەری عێراقی پرۆژەکە، نزار جمال عبدالعزیز، دەگرێت.

# هاوپێچ ٢
## شیکردنەوەی هاوبەشی نێودەولەتی:

١. بۆ ئامانجەکانی پرۆژەی ئێستا، ووشەکانی "بەشداری" و "هاوکاری" شیکردنەوەی یەك پەیوەندەی فەرمی لە نێوان دوو وەیان ژمارەیەك زانکۆ( یان لە نێوان زانکۆ و رێکخراوەکی نائەکادیمی)یە. "پەیوەندییەکی فەرمی" پەیوەندییەکە کە لە بە گرێبەستەك یان نامەیەکی رێککەوتنی یاسای لەنێوان دوو یاخود چەند رێکخراو پێکدێت.
٢. ئەم نوسراوە پێکدێت لە هاوبەشی نێودەولەتی کە لەوانەیە بەپێی سێ پرس یان پێوەر رێکبخرێت – زەمینە و بالکشان، ئامانج و پێکهاتەیان. بەشی بریاردان وابیردەکاتەوە کە ئاخۆ پێوەری چوارەم – ئارەزوو – دەتوانێت بنەمایەکی تری بۆ رێکخستنی هاوبەشییەکان پێکبهێنێت.
مەودا و تیشکەکان
٣. یەکەمین پێوەری ئێمە بۆ رێکخستنی هاوبەشییە نێودەولەتییەکان، شوێن وەیان جۆری چالاکی یە کە هاوبەشێ تێیدا ئەنجام دەدرێت. هاوبەشییەکانی هاوشێوە دەتواندرێ بەپێی جیاوازی نێوان دوو بکەری سەرەکی "زانکۆ" وانەگوتنەوە و بەدواداچوون و چالاکییەکانی رەوتی سێهەم، دابەش بکەین.

٤. پێگەی jobs.ac.uk چالاکییەکانی رەوتی سێهەمی وەکو چالاکییەکانی سەرچاوەی دارایی لە زانکۆکان هاوکات لەگەل پیشەی سەرەکی لەبواری وانەگوتنەوە و بەدواداچوون( کە ئەمیش دوو" رەوتی یەکەم" پێکدەهێنن) دەناسێنێت. ئەم پێناسەیە بەلارێدا بردنە چونکە چالاکییەکانی رەوتی سێهەم، بەدلنیاییەوە "زیادکردنی داهات" نییە. واتسۆن و هاوکارەکانی پێناسەیەکی سودمەندانەتریان پێشکەش کردووە: چالاکی رەوتی سێهەم پەیوەست بە بەرهەمهێنان، بەکارهێنانی شێوازی بەکاربردن و سوودوەرگرتن لە زانست و تەواوی تواناکانی زانکۆکانی دەرەوەی ژینگەی زانکۆیی دایە.

٥. هێلکاری ڤێن، چالاکییەکانی هاوبەشی شیاوە کە پێکدێت لە یەکێك یان زیاتر لە حەوت جۆر . نمونەکانی پەیوەست بە هەر جۆرێکیان بریتین لە: جۆری جیاوازی : فێرکارییەکانی سەروومیللی" (TNE): ٨٦

I. جۆری جیاوازی " پەروەردەی گواستراوە"
II. بەدواداچونی کارمەندەکان و چالاکییەکانی زانستی
III. بەداوداچوونی گرێبەست/ راوێژکاری، پەرەپیدانی بەرهەمەکان/ خزمەتگوزاری نوێ وەیان سوری بەرهەمهێنان و هیتر.
IV. هاوکاری لەگەل کارمەندەکان بۆ پێشکەشکردنی فێرخوازی بەرزتر، فێرکار و بەرنامەی پەرەپێدانی پێشەیی بەردەوام و هیتر..
V. پێشکەشکردنی توێژینەوەکانی خوێندنی باڵا، پرۆژەی پێویست بۆ بەرزکردنی فێرکاری پەیوەست بە توێژینەوە و هیتر..
VI. بەرهەمهێنانی زانستێکی نوێ ( لەرێگای توێژینەوە و هاوکاری دوانە) لەگەل رێکخراوەکی نائەکادیمی.
VII. هاوکاری لەگەل رێکخوارەکی نائەکادیمی بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمەکان وەیان خزمەتگوزارییەکانی یەکدەست لەگەل خوێندنە/فێرکاری و چالاکییەکانی توێژینەوە.ئەم نمونانە ناهێلن هیچ بژادەیەك هەبێ و هەروەکو لە جۆری VII ئاماژە پێکراوە، بەشداربووەکان دەتوانن بە چالاکی لە هەر سێ جۆر خەریك بن.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| فێرکاری سەرومیلی | ا : زانستی دەرکراو | ا١: دامەزراندن لە بازاری ئازاد | دامەزراندنی قوتابیان لە ولاتەک(عێراق) بۆ ئامادەبوون لە زانکۆکانی ولاتانی تر(بەریتانیا). وەکو گەشتیاری جیهانی، :قوتابی بەکارهێنەر بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان بە وڵاتی هەناردەکراو سەفەر دەکەن." | بۆ وەرگرتن وەکو "هاوبەشێك"، دامەزراندنی قوتابی پێویستە بەپێی ڕێکەوتنی فەرمی "بەندی" تان پێشکەوتن" بێت. ڕێکەوتنەکانی پێشکەوتن، بەشێوەیەکی گشتی، وەرگرتن ڕێکناخەن، بەلام لەکاتێکدا ڕێکەوتننامەکانی بەندی لەوانەیە ئەم کارە بکەن. ڕێکەوتننامەکانیە دەستکرد، وەرگرتنی قوتابیان بەپێی تەواوکردنی بەرنامەکانی مالی خۆیان شیاو دەکرد. پرۆگرامی گواستنەوی قوتابینان لەوانەیە بەشیك بن لەو جۆرە. |
| | | ا ٢: بەیان کرد وەیان پێشکەوتن | ڕێککەوتنی نێوان زانکۆکانی بەریتانیا(دامەزراندن) و هاوبەشێکی دەرەکی کە بەپێی ئەو یەکەمیان پرۆگرامی دووهەمیان بۆ دەسکەوتنی ئامانجەکانی وەرگرتن دەستنیشان دەکات. ڕێکخستنەکانی هاوشێوە( کە قوتابیان یەکەمین بەشی بەرنامەی خۆیان لە عیراق تێدەپەڕێنن و خوێندنی خۆیان لە ڕێکخراوەکی بەریتانی تەواو دەکەن) لەو گروپە دەبن. | |
| | ب: گەیاندنی ناوخۆ | | کۆلیژی گوازراوە، خوێندن لەڕێگای دوور: زانکۆی بەریتانیا، هەندێك بەرنامە لە زانکۆی ولاتی تر لە ڕێگای کارمەندانی خۆی و ستافی خۆی پێشکەش دەکات. زانکۆی میواندار لە دارشتنی پرۆگرام سنورداره. | لەم ڕێکخستنانە، ئەو قوتابییانەی کە پرۆگرامەکانی پێشکەشکراوی خۆی لە ناوخۆی ولات تەواو دەکەن، مافی بردنەوەی خەڵاتی (MA,BSc,BA.MBA,...etc) یان لە زانکۆکانی بیانی هەیە. جۆرەکانی TNEبەدیدی هاوسەنگی بەهێزی لە نێوان دوو لایەنی جیاوازە. لەم جۆرانە C١، B، زانکۆی بەریتانیا کۆنترۆلی تەواوی لە بارەی پرۆگرامی دەرسی، وانەگوتنەوە، هەلسەنگاندن و هەندێك جار وەرگرتنی قوتابیان هەیە. لەجۆری C٢ هەندێك لەم کۆنترۆلانە هێواشترن و لە جۆری C٣ سەربەخۆییەکی باڵا بە ڕێکخراوە هاوبەشەکە دەدات. تەنها لە جۆری C٤ کە هاوسانی ڕاستی لەنێوان ئەم دوو هاوبەشە هەیە. |
| | ج: بڕوانامەکان | پ١: مافی دەنگدان | هاوبەش پرۆگرامەك پێشکەش دەکات کە بەپێی زانکۆی خاوەن مال دادەڕێژرێ. لەوانەیەبەرپرسیارێتی هەلسەنگاندنی قوتابیان لە ئەستۆی لایەنی یەکەم بێت. | |
| | | پ٢: هەلسەنگاندن | ڕێکخراوی میوانداری پرۆگرام( پرۆگرامی دەرسی) کە لە لایەن زانکۆی میواندار بڕیاری لەسەر دەدرێ، ڕێکدەخات و پێشکەشی دەکات. | |
| | | ج٣: بڕواپێکردن | زانکۆی میواندار، کرادارەکانی QAناوخۆی خۆی هەلدەسەنگێنێ و بڕوای پێ هەیە و کە ئەمە توانا دەداتە لایەنی دووەم کە پرۆگرامەکانی خۆی کە دەیێتەهۆی خەلاتی زانکۆی میواندار، پێشخستن و پشتگیری بۆ دەکات. | |
| | | ج٤: خەلاتی دوانە/تاك | ئەم دوو شەریکە هاوکاری یەکتر دەکەن تاکو یەك پرۆگرامی دەرسی هاوبەش ئامادە بکەن و دوای تەواوکردنی پرۆگرای قوتابیان، خەلاتی هەر دوو زانکۆ( خەلاتێکی دوانە) یان خەلاتی جیاواز بەناوی هەردوو لایەن وەردەگرن. | |
| | چ: بیانییەکان | چ: کەمپی ناوخۆی زانکۆی نێودەولەتی | کردنەوەی لقی کەمپی زانکۆیی" کە لایەنی کەم پەیوەستە بە فێرکەرێکی دەرەکی. کەبەناوی ئەوەوە ئەنجام دەدرێت و پرۆگرامێکی ئەکادیمی تەواو پێشکەش دەکات بە ئامانجی بڕوانامەیەکی خەلاتکراو لەلایەن مامۆستاکانی دەرەکی پێشکەش دەکرێت. | ڕێکخستنەکانی لقی ناو زانکۆ D١ بەپێی جۆری ئەو کۆنترۆلەی کەلە لایەن زانکۆی بیانییەوە دەکرێت، دەگۆردرێن. ٧ لە جۆری D٢ کۆنترۆلی ناوخۆیی تەواو بەسەر دیزاینی پرۆگرامی دەرسی ڕێکخراو، سیستەمەکان، پرۆسەکان، هتد... هەیە. HEI ناوخۆ، نمرەکانی تایبەتی خۆی هەیە و هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوە، ئەم ڕێککەوتنە بە سەختییەوە وەکو "پەروەردەی گوازراوە" هەژمار دەکرێت. (بگەڕێنەوە بۆ هیلێی ٢٠١٨). بودجەی حکومەت بۆ وەبەرهێنانی D٢ بەگشتی جۆرێك لە هاوکاری پەرەپێدان هەژمار دەکرێت |
| | | چ٢: زانکۆکانی هاوبەش | زانکۆکانی هاوبەش (نایك و ماك ناماڕا) بە بودجە/پێشخستن لەلایەن هەردوو نێردە و وەلاتی میواندار و حکومەت هاوکاری دەکرێن، هەروەها بە شێوازی فەرمی لەلایەن سەرۆکی ولاتانەوە بە فەرمی دەناسرێن. | |


جامعة


UNIVERSITY OF BAGHDAD

١. ئەگەر بە وردی قسە بکەین، ئەوا دەکرێ بڵێین کە "هەناردەکردنی پەروەردە" هاوتا و هاوواتا نییە لەگەڵ پێناسەی پەروەردەی نێونەتەوەیی یاخود گوازراوە. (واتا: TNE بریتیە لە هەر چالاکییەکی فێرکردن یان فێربوون کەوا قوتابیان لە وڵاتێکی جیاواز لەو وڵاتە دەخوێنن کەوا بارەگای ئەو دامەزراوەیەی لێیە کە فێرکردنەکە دابین دەکات).

٢. ئەگەری ئەوەی کە چوارچێوەی ئالوگۆڕی قوتابیان پۆلین بکرێ لە نێو "هەناردەکردنی پەروەردە"، پەیوەستە بە ژمارەی ئەو قوتابییە بیانییانەی کە دێنە میرنشینی یەکگرتوو بۆ کاتی خوێندن بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەو قوتابییە بەریتانییانەی کە دەچنە دامەزراوە بیانییەکان بۆ خوێندن.

٣. بەشداریکردنی دامەزراوەی میواندار سنووردارە و بریتی دەبێت لە دابینکردنی رووبەری فێربوون و یەکەی پاڵپشتیکار بۆ فێربوون.

٤. ئەنجوومەنی کوالیتیی خوێندنی باڵا، "رێپێدان"ی بەم شێوەیە پێناسە کردووە "پرۆسەیەکە کە بە هۆیەوە دامەزراوەیەك، بە بێ ئەوەی مافی سەربەخۆی هەبێت بۆ بڕوانامەبەخشین، دەستەڵاتی پێ دەدرێت لەلایەن زانکۆیەکەوە تاکوو بەرپرسیارێتی و مافەکانی تایبەت بە دابینکردنی ئەکادیمی و زانستی پراکتیزە بکات. لە بارە نموونەییەکاندا، دامەزراوەی رێپێدراو دەستەڵاتی پێ دەدرێت بۆ پەسەندکردنی پرۆگرامەکان و پراکتیزەکردنی دەستەڵاتی کۆنترۆلی جۆری، ئەوەش بە مەرجی پێشکەشکردنی راپۆرتی ساڵانە یان وەرزی" (ئەنجوومەنی راستاندنی زانکۆکان، یاسای پراکتیزەکردن - ١٩٩٧). رێوشوێن و مەرجەکانی رێپێدان لە کاتی ئێستادا قورس و نائاسایین لە سیستمی خوێندنی باڵای بەریتانیدا.

٥. رێککەوتنی بەخشینی دوولایەنە دەبێتە بواری بۆ هەردوو هاوبەش (یان زیاتر) دەرەخسێنێت تاکوو توانای کۆنترۆلکردنی زیاتریان هەبێت بەسەر ستانداردە ئەکادیمییەکان بە بەراورد لەگەڵ هاوبەشکارییە هاوبەشەکان.

٦. جیاوازی لە نێوان هەناردەکردن و رێپێدان و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی، لە ج. جۆنسن و ج. ڤالن وەرگیراوە " The Internationalisation process of the Firm: a model of knowledge development and increasing foreign market commitments"بڵاوکراوەی توێژینەوە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان،بەرگی ٨، ژمارە ١، ١٩٧٧.

٧. دابەشبوونی دەستەڵاتی کۆنترۆلکردن (لە نێوان لقی کامپی نێودەوڵەتی لەگەڵ دامەزراوەی دایك) پەیوەست دەبێت بە شێوازی خاوەندارێتی و کۆنترۆلکردنی کامپەکە. ئەگەرەکانی ئەم حاڵەتە جیاوازن، بۆ نموونە شێوازی "شاندکردن Outpost" کە بە تەواوی لەلایەن زانکۆی دایك کۆنترۆل و خاوەندارێتیی دەکرێت، یانیش بە شێوەیەك کە کەمینەی پشکەکانی خاوەندارێتی کرابن و بەرپرسیارێتیی وا بە کامپەکە بدرێت هاوشێوەی رێپێدانی دامەزراوەکان. کاتێك کامپێك بەم شێوەیە دەکرێتەوە، ئەوا دەبێتە مایەی چەند دەرهاوێشتەیەك سەبارەت بە هاوسەنگیکردن لە نێوان کوالیتی و مەترسییە داراییەکان (بۆ نموونە، لە حاڵەتی شاندکردندا، مەترسیی دارایی گەورە هەن و لە بەرامبەردا مەترسییەکانی کوالیتی گەورە نین).

٨. بەکارهێنانی زاراوەی "هاوبەش Joint" بۆ باسکردنی دامەزراوەگەلی لەم جۆرە رەنگە تا رادەیەك بەلارێدابەر بێت. چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوانە دامەزراوەی نوێن کە بەشێك یان گشتیان سپۆنسەر و پاڵپشتی دەکرێن لەلایەن زانکۆیەکی بیانی بێ ئەوەی ئەو زانکۆیە بیانییە کۆنترۆلیان بکات. شێوازی زانکۆکانی DAAD کە لەلایەن ئەڵمانیاوە پارەدار دەکرێن لەم جۆرە دامەزراوەیەن. ئەم دامەزراوانە، بۆ نموونە وەکوو زانکۆی ئەڵمانی-ئوردونی، لە "رووی یاساییەوە دامەزراوەی سەربەخۆی کەرتی تایبەت یان گشتین، کەوا خۆیان بڕوانامە دەبەخشن و بەشێکن لە سیستمی خوێندنی باڵا لە وڵاتی میواندار. پارەدارکردنی DAAD بۆ مەبەستی پەرەپێدان و دانانی زانکۆی نوێ تەرخان دەکرێت کەوا کار لەگەڵ دەستەی زانکۆ ئەڵمانییەکان دەکەن بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوەش لە سیستمی خوێندنی باڵای ئەڵمانیدا بە مۆدێل کراوە" (Healey). لەم حاڵەتانەدا هاوبەشکارییەکە لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵایە.